مەلا بەختیار

# دیموکراسی
# لە نێوان
# مۆدرێنیێتەو پۆست مۆدرێنیێتەدا

ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران
سلێمانی ـ 2011

- ديموكراسى لە نێوان مۆدرێنێتەو پۆست مۆدرێنێتەدا
- مەلا بەختیار
- بڵاوكراوەكانی ئەكادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی كادیران
- سلێمانی ـ 2011
- ژمارەی سپاردنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی كتێبخانە گشتییەكان (2241) ساڵی 2011
- دیزاین: جوان قادر سۆفی
- تیراژ: (4000)
- ژمارەی زنجیرە: (41)



www.pukhoshiari.com

info@pukhoshiari.com

## ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران

دامەزراوەیەکی کەلتورییە بەپێی بڕیاری کۆنگرەی سێی ساڵی 2010 ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دامەزراوە، ئەرکەکەی بریتییە لە دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی هۆشیارکردنەوەی سیاسی، فراوانکردنی چوارچێوەکانی رۆشنبیریی گشتی، تۆکمەکردنی بەهاکانی دیموکراسیو مافی مرۆڤ و دادی کۆمەڵایەتی لەکۆمەڵدا، تاوتوێکردنی مەسەلەکانی بیری هاوچەرخو دابینکردنی کەرەستەی پێویست بۆ پێگەیاندنی کادیران لە بوارە هەمەجۆرەکاندا.

**سەرپەرشتیاری زنجیرە: حەسەن یاسین**

ئەم لێکۆڵینەوەیە بەشێکە لە کتێبێکی سەربەخۆ بەناوی " دیموکراسی لەنێوان مۆدێرنێتەو پۆست مۆدێرنێتەدا "ی مەلا بەختیار، لەزنجیرەی بڵاوکراوەکانی بنکەی روناکبیری گەلاوێژ، ساڵی 2001. ئێستا یانزە ساڵ بەسەر بڵاوکردنەوەیدا تێدەپەڕێت، تاکو ئێستایش چاپی تازەی لێنەکراوەتەوە، دیارە لە کتێبخانەکانی کوردستانیش نەماوە، لەبەر گرنگیدانمان بەبواری فکری هاوچەرخ، فەلسەفەی مۆدێرن، دوای رەزامەندی بەڕێز "مەلا بەختیار"، بەپێویستمان زانی ئەم بەشەی کتێبەکە کە تایبەتە بەچەندین ئاستو ئاراستەی پێگە فیکریو فەلسەفیەکان. وەك نامیلکەیەك لە زنجیرەی هۆشیاریدا بیخەینە بەردەست خوێنەران.

# 1-فەلسەفەو رادەی کاریگەری فەلسەفەکان لەکوردستاندا

## 1-1-سەرەتایەکی فەلسەفەو کورد

ئێمەومانان بەئەندازەی خۆمان، لێکۆڵەرانیش لە بواری فەلسەفەدا بەقەد خۆیان، لەناوگەلەکەماندا کە سەیری پرۆسیسی سەرهەڵدان و نەشونماکردنی فەلسەفە، لە سەردەمی گریکەکانەوە بۆ سەردەمی نوێ و فەلسەفە نوێکان دەکەین، دڵتەنگیەك لە باری زانستی و ئاستی فەلسەفە، داماندەگرێ: هەتا بڵێی گەلێکی هەژارین لە فەلسەفەدا، زۆرینە گۆشەگیرین لە وەرگرتنی فەلسەفەدا، لەناو کەمایەتیدا توندڕەوین لە جێبەجێکردنی فەلسەفەدا، لەناو روناکبیرانیشدا لاوازین لە لێکدانەوەی بوارە فەلسەفیەکاندا.

هـەتا هەنوکـەش، هـیچ فەلـسەفەیەکی خـۆکرد، لــەناو کولتــوری نەتەوەکەمانــدا، نەڕســکێندراوە. لــەوەش ناخۆشــتر، هــەتا چـلەکان بــەدواوە، دوای تێپەڕینی (2640) ساڵ بەسەر مێژووی فەلسەفەدا، تاقــە سەرچــاوەیەکی فەلــسەفی وەکــو کتێـــب، وەرنەگێڕدراوەتــە ســەر زمــانی زگمــاك. تەنانــەت لێکۆڵینەوەیـەکیش بـە وردی، نـە بـە نوسین و نـە بـە وەرگێـڕان، لـەناو بەرهـەمی نوسـراوی کـورد زمانـدا، هەمەلایەنــە دەربــارەی فەلــسەفە نــابینین. ئەمــە لەکاتێکدا لـەناو عـەرەبو فارسـدا، فەلسەفە، بـەهای فەلــسەفە، وەرگێڕانـــی فەلــسەفەو لێکدانـــەوەی فەلسەفە، بایەخیان پەیداکردووە.

پێش زایین، کە سـەرەتای سـەرهەڵدانی مێـژووی فەلــسەفەیە، دەســتپێکی چــەکەرەکردنی فەلــسەفە دەگەڕێتەوە بۆ هەلومەرجی دوای سەرکەوتنی یۆنان بەســـــەر فارســـــدا. کـــــە لـــــە مـــــەتریالیزمی

(دیمـــــــــــــــــوکرتیس)ەوە (640–360 پ.ز) دەســـــتپێدەکات. دەســـــتپێکێکی سەرنجڕاکێـــشە، مـەتریالیزم دەبێتـە بناغـەی داڕشـتنی سـەرەتاکانی پـژانی زمـانی فەلـسەفە. ئـەو بـیرەی دیمـوکرتیس کردییـــە نەخـشی مێـژوو: (هـیچ شـتێك جگـە لـە گەردیلە و بۆشایی) نییە. لەوساوە هەتا ئێستا هیچ مەسـەلەیەکی ژیـان و گـەردون نـەماوە نەخرێتـە ژێـر میکرۆســـکۆبی مـــەتریالیزمی فەلـــسەفەوە. هـــیچ شتێکی قەدەغەکراو، دیتراو، نەدیتراو، سەلمێندراو، نەســـەلمێندراو، لـــە هەســـتەوە بـــۆ کۆمـــەڵ، بـــۆ سروشـــت و ئـــەودیوی سروشـــتیش، هـــەموو شـــتێ کەوتۆتـــە نـــاو روبـــەری فەلـــسەفەوە. فەلـــسەفە شـۆڕبۆتەوە بنج وبنـەوانیان و لێکیداونەتـەوە. دوای ئـەوە، ئیـدی فەلـسەفە دەکەوێتـە سـایەی قۆنـاغی سەدەکانی ناوەڕاست.

سەدەکانی ناوەڕاستیش ڕۆژگارێکە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای ڕوخاندنی ئیمپراتۆریەتی ڕۆما لە ڕۆژئاوادا (476 ز)، بۆ کۆتایی دوا دەسەلاتی ڕۆما لە ڕۆژهەلاتدا کە ڕوخاندنی ئیمپراتۆریەتی بیزەنتییە لە (1543)دا. ئیدی، لێرە بەدواوە، شۆڕشە گشتگیرەکەی ڕێنسانس دەستپێدەکاو بەردەوام دەبێ.

ئەو دوو مێژووە، مێژووی پێش زایین و مێژووی سەرەتا بۆ کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاست، هەریەکە بەجۆرێ پەیوەندی بە کوردەوە هەیە. زۆرتر مێژووی دووەم. مێژووی یەکەم لێکۆڵینەوەی زۆر وردی دەوێ، بۆئەوەی بتوانرێ کوردیش لە ڕۆژهەلاتدا، بە حوکمی ڕوداوەکانی ئەو سەردەمە، سەرهەڵدانی ئاییینی زەردەشت (1000 پ.ز) دروستبونی ئیمپراتۆریەتی مادەکان، جەنگی نێوان ئێران – یونان. (375 پ.ز)، هێرشەکانی

ئەسـکەندەری مەکـدۆنی (323 پ.ز) (کـە لـە کوردسـتاندا بـەزی)، گەلـێ روداوی دیکـەی نێـوان ئیمپراتۆریەتـەکان، ئاینـەکان، مەزهەبـەکان، قەومەکان، دەوڵەتان..تاد، ئەو روداوانە تێکڕا، کەم و زۆر، لـەناو میللـەتانی ئـەو زەمانـەدا رویانـداوە، راسـتەوخۆ یـان ناڕاسـتەوخۆ رەنـگ و دەنگیـان لـە کوردستانیـشدا داوەتـەوە. هێـشتا لـە روی فکـر و فەلـسەفەوە، کاریگـەری کولتـور و شارسـتانیەتەوە، لێکۆڵینەوەیەکی کـەم، کـە وەکو سەرچاوەی پاکژی دوور لـە نەژادپەرسـتی نەتـەوە باڵادەسـتەکان سەیربکرێ، نوسراون.

واز لەو سەردەمانە دێنین و دێینە سـەر مێـژووی دووەمـی سـەردەمی سـەدەکانی ناوەڕاسـت (476 – 1543) کە ئاشکرایە کورد لەو سەردەمەدا بە زەبری لەشکرکێشی و خوێن حەڵاڵکردن کراوە بە ئیسلام. ئەم سـەردەمە لـە کوردسـتاندا، لـە سـاڵی (629) وە،

کـه ئـیتر لەوسـاوە مێـژووی کـۆن لـە کوردسـتاندا کۆتایی دێتو مێژووی دوای ئەوە کە پێی دەگوترێ مێـــژووی ناوەڕاســـت (لـــە راســـتیدا مێـــژووی داگیرکردنی کوردستان لەلایـەن سـوپای ئیسلامەوە) دەستپێدەکا. لەوسـاوە هـەتا دوای جـەنگی یەکـەمی جیهــانی، وەکــو دەســەڵات و سیاســەتی رەسمــی دەســەڵاتی جۆراوجـۆری ئیـسلامی (1289) سـاڵی رەبـەق حـوکمی کوردسـتانیان بـەبێ رەچـاوکردنی بــچوکترین مــافی میللــی، کــردووە. لــەوە بــەدوا، دەسـەڵاتی ئیمپراتۆریەتـە ئیـسلامیەکان قەڵـەمڕەوی تاریکیـان لەسـەر کوردسـتاندا نـەماوە و پەنجـەرەی گچکە گچکەی نوێمان لەسەرکراوەتەوە.

هەتا ئێستا، جگـە لـە فەلسەفەی سـۆفیگەری کـە هەنـدێ رەگـی ئـەم فەلسەفەیە دەگەڕێتـەوە بـۆ پـێش زایــین، بەتایبــەتی بــۆ فەلــسەفەی یۆنــان، هــیچ فەلـسەفەیەکی دیکـە بـەو فراوانیـە ئاسـەواری لـە

کولتـوری کوردسـتاندا نـابینین. ئەمـە لەکاتێکـدا خـودی ئیـسلام دوای سـێ سـەدە لـە پەیـدابونی، بەتایبـەتی لـە سـەردەمی خەلافـەتی عەباسیەوە، بـە فراوانـی دەرگـای سـودلێوەرگرتنی بـیرو فەلـسەفەی شارسـتانیەتەکانی کردۆتـەوە، ئەمـەش (750 بـۆ 950 ز) ی خایانـدووە. دوو سـەدەی رەبـەق. زمـانی عەرەبی، جگـە لـە ئـەدەب و شیعری بـەرز، ئاوێتـەی زمـانی فەلـسەفە و زاراوەی فەلـسەفە دەکـرێ. بەتایبەتی لە زمانی یۆنانیەوە بۆ عەرەبی. لە زەمانی (مەئمون) دا، برەوی بایەخپێدانی فەلسەفە گەیشتە ئاسـتێك کـە (بیـت الحکمـة) دامـەزراو تێکـستە فەلـسەفی و زانـستیەکانی گریگـی وەردەگێـڕدران و سـودی باشـیان لێـوەردەگیران. لـەم بـارەوە، عـەرەب سودێکی زۆری لـە زمـانی سریانی و مەسیحیەکانی وڵاتـانی عـەرەب بینـی. چـونکە مەسـیحی و زمـانی سـریانی لەمێـژ بـوو بایـەخی فەلـسەفەیان دەزانـی و

بەپیریـــەوە چـــوبون. جگـــە لـــە فەلـــسەفە، توانـــای وەرگێـڕان لـەناو عەرەبـدا گەیـشتبووە ئاسـتێك کـە زانـــستە یۆنانیەکانیـــشیان وەردەگێـــڕا، وەکـــو: پزیـشکی، ئەنـدازیاری، فەلـەك، کـشتوکاڵ، جـەبر و کەشناسی.. تاد. بەهۆی ئەم کارانـەوە، دوو سـەدەی رەبـەق عـەرەب توانییـان زەخیرەیـەکی (فەلسەفیی – زانـستی) ئـەوتۆ بخـەن، کـە پاشـان لـە ئۆروپاشـدا ســـودێکی زۆر لـــەم زەخـــیرە فەلـــسەفیە، وەکـــو ئەرشیفێکی پارێزراو بینراوە.

لـــەم مەڵبەندانـــەی عەرەبـــدا، بـــە حـــوکمی شەڕوشـــۆڕو کێـــشەکانەوە، فەلـــسەفەو زانـــست دوچـاری جەزرەبـەی کوشـندە کـران، لـە رۆژئـاوای عەرەبـدا، دوای داگیرکردنـی ئیـسپانیا و سـەپاندنی خەلافـــــەتی (قورتوبـــــە 929 ز)، لەوێـــــشدا، پێشکەوتنێکی فراوان بەدیهێنرا. ئەو سـەرکەوتنانە، لـــە بـــواری شارســـتانیەتی پێـــشکەوتودا، ئـــەقڵی

ئیـــــسلامی لـــــه دۆگمـــــاتیزمی دەق و چـــــەقی سەلەفیەتخوازی، هەتا رادەیەکی باش سەرفراز کرد و بناغەیـــەکی لـــە رۆژهـــەڵات و رۆژئـــاوای وڵاتـــانی عەرەبیـــــدا دارِشـــــت، کـــــە چـــــەندین کەڵـــــەپیاوی ئەندێشمەند لەناو بازنەی داخراوی تەفسیراتی جیا جیـــا بێنـــــەدەر و ئەڵقـــــە ئەڵقـــــەی دیکـــــەی بـــیرو بیرکردنـــەوە، پێکـــەوە گرێبـــدەن: ئـــیبن ســـینا، ئـــیبن حـــەزم، ئـــیبن باجـــە، ئـــیبن توفیـــل، ئـــیبن روشـــد، ئـــیبن خەلدون.. تاد.

لـــەو ســـەردەمەدا، کەلـــەپوری ئیـــسلام و نـــەریتی نـــــەگۆڕی ئیـــــسلامی، مـــــشتومڕێکی قـــــوڵی لەگـــــەڵ (معتزلة) کانـدا لەسـەر خـودی قورئـان بـۆ دەخوڵقـێ. ئایـە قورئـان، بەرهـەمێکی داهێنـراوە، یـان لـە رێـی وەحیەوە، دابەزێندراوە؟ جیاوازیەکی گەورە لەنێوان ئەقڵانیـــەتی ئیـــسلامی داهێنـــراو، لەگـــەڵ غـــەیبی ئیسلامی دابەزێنراو، سەبارەت بە ئیسلام، قورئـان و

تێگەیشتن لە حەقیقەتی مرۆڤ و خواوەند هەیە.

موعتەزیلەکانی سەدەی حەوتەم (1200ساڵ) لەمەوبەر، بەو چەشنە لە ئەقڵ و دەرکی ئەقڵانی وردبوبنەوە، ئەمە بەڵگەی کاریگەریەکی قوڵی فەلسەفیە لەسەریان، پەیڕەولێکردنی ژیرانەی فەلسەفە بووە لە زەمان و زەمینەی کوێرەوەریدا. ئێستاش ئەو ئازایەتیە لەناو باشترین ئەندێشمەند و تەنانەت حیزب و ئۆرگانە عیلمانیەکانی عەرەب و گەلانی ناعەرەبە مسوڵمانەکاندا، نەك نابینرێ، بەڵکو بەپێچەوانەوە دیاردەی کۆنەپەرستانە لەناو جیهانی ئیسلامدا، لەبەرامبەر عەقڵانیەت و فەلسەفە دانراوەکاندا، زاڵە.

دوای ئەو دیاردە فەلسەفییەی وەکو رچەشکاندنێکی ئەقڵانیەت و سەرەتای دۆزینەوەی نهێنییە کلۆمدراوەکانی ناوەوەی جیهانی داخراوی کەلەپوری رەسمی ئیسلام بووە، ئیدی لە سەدەی

یانزه بەدواوە، دیسان ڕێبازی سیاسەتی ڕەسمی ئیسلامی، بەسەر دەسەلات و کۆمەڵە ئیسلامیەکاندا، زاڵدەبێتەوە. پەنجەرەکانی بیرکردنەوەی جیاوازو پرشنگەکانی ئەقلانیەت دادەخرێنەوە. لاهوتیەتی کوێرەوەری سەردەمی قەڵەمڕەوی سەرەتاکانی ئیسلام دەسەپێنرێتەوە، کە ئەقڵ وەکو هەستی جەستەیەکی کۆیلەی خواوەندناسی، دەناسێ. جگە لە کۆیلەیەتی بۆ ئەقڵ و جەستەی مرۆڤ، ڕێگەی رامانی ئەقلانی، بیرکردنەوەی جیاواز، پرسیارێکی نەکراو، بزوێویەکی فەلسەفیی، پشنکنینێکی ئەندێشەیی، نادرێ. بەتایبەتی لە سایەی خەلافەتی (المتوكل باللە – 848 ز) وە، کە ئیسلامو بیرکردنەوەی ئیسلامی دەسەلاتی دژی (موعتەزیلە) کان سەپاند، ئیدی روناکیەکانی بیرکردنەوەی جیاواز کوژانەوە و

سیاسەتی سەرکوێرکردن بە زەبر و کوشتن و گرتن، کرایە پێناوی ئیسلام.

پێمان وایە گەڕانەوە بۆ شێوە و ناوەڕۆکی حوکمی خەلافەت لەنوسینێکی ئاوادا، پێویست نییە بۆئێمەی کورد، چونکە کورد هەموو زوخاوەکانی دەسەڵاتی رەسمی ئیسلامی، دژی بیری جیاواز و ئەقڵانیەت چەشتووە، بەتایبەتی لە خەلافەتی عوسمانیەکاندا. عوسمانیەکان بۆ گەلانی ژێردەست، جگە لە ژیاندنەوەی کوێرەوەری، سەپاندنی دواکەوتن، سەرکوێرکردنی ئەقڵ، خامۆشکردنی پرشنگەکانی بیرکردنەوە، برەوپێدانی تەکیە و حوجرەی بە کۆیلەکردنی ئەقڵ، گیان، دەروونی مرۆڤ و کردنی بە مرۆڤێکی بیر ئیفلیج لەبەرامبەر دەسەڵاتەکانی ئەندێشەی لاهوتیەت و میتافیزیکیەتدا، عوسمانیەکان جگە لەو شەرمەزارییە مێژووییە لە رووی فکر و فەلسەفەوە،

شتێكی ئەوتۆیان بە میرات جێنەهێشتووە هەتا وەكو روناكیەك تاریكیەكانی ئێستای پێ رۆشن بكەینەوە. ئەوەی ئاسەواری بەرچاوی جێماوی عوسمانیەكان بێ، تەنها تەلاری جوانی خەلیفەكان و مزگەوتی گەورەی شارەكانە. ئەمەش دەستكەوتێكی تەلارسازی جوانن لە مێژوودا. بەڵام بەداخەوە كاتی خۆی كراونەتە سەكۆی دوژمانیەتیكردنی فكر و فەلسەفە و عەقڵ. ئێستاش لە كوردستاندا خەریكە هەمان دیاردە دووپات دەبێتەوە: دروستكردنی مزگەوتی گەورە گەورە، بەڵام بەپێچەوانەی تەلارسازی جوانی كۆنی ئیسلامی، بەتەلارسازیەكی لاوازی ئیسلامی، هەمووش بەپارەی بێگانە بۆ بەدیهێنانی بیری بێگانەپەرستی لەكوردستاندا، دەبینین.

لەو ئاوڕدانەوەیە لە رابوردوو، لەو سوكەڕامانە لەكەلەپوری فەلسەفەو دەسەڵاتی دژە فەلسەفەی

ئەقلانی و چرۆکردنی ئەقلانیەتدا، وەکو کوردێك کە لە سەدەی ئینتەرنێتدا، لەو رابوردووە تاریکە رادەمێنم، مەبەستمە بپرسم:

نەژادی کورد، لەپێش زایین، زەردەشتی بووە و ئاینی زەردەشت سەراپای کوردستانی تەنیوەتەوەو سەدەو نیوێکیشی خایاندووە، دوای ئەوە ئیمپراتۆریەتی مادەکان هەبووە. دوای ئەمەش، جۆرەها دەسەلاتی ناوچەیی و دەرەکی دیووە. بەشی زۆری روداوەکانی رۆژهەلاتی نزیك یان لەناو خاکەکەی خۆیدا، یاوەکو لە دەوروبەریدا، رویانداوە. ئەگەر روداوەکان لە کوردستاندا رویاندابێ، لە نزیکەوە کورد ئاگاداریان بووە و تەنانەت زۆرجار کورد لەبەر ستەمی دەسەلاتی رەسمی ئیسلامی، چۆتە پال شۆڕش و راپەڕینەکانی دژی دەسەلاتی رەسمی ئیسلامی، خۆ ئەگەر روداوەکان لە دەوروبەریشدا رویاندابێ،

بێگومــان یــەکێك لــە دەســەڵاتەکانی چــواردەور، بەشــێکی کوردیــان بــە ناچــاری راپێــچاوەتە ناوجەرگــەی روداوەکــان. کــەوابێ، راســتەوخۆ یــان ناڕاستەوخۆ، لەناو یاخود لە دەرەوەی کوردستاندا بوبێ، کوردەکە یان لەناو روداوەکاندا بووە. یان لەنزیکــەوە ئاکــاداری رووداوەکــان بــووە. یــا وەك لــــەدوورەوە ئاگاداریــــەکی لــــە روداوەکــــان، گۆڕانکاریــــەکان، کێــشەو ناکۆکیــــەکان هــــەبووە ســــەبارەت بەدەســــەڵاتەکان، هەڵگەڕانــــەوەکان، راپەڕینەکان.

لێرەدا شیاوی مێژووە بزانین: میللەتێك لەناو گەرمــەی روداوەکــانی ناوچــەکە بوبــێ، خــۆی رابوردویەکی ئایینی دورودرێژی بوبێ، دەسەڵاتی گــەورەی بوبــێ، هەمیــشە لــە بەرەنگاریــدا خــۆی دیتبێتەوە، ئاخۆ میللەتێکی ئاوا، دورونزیك، ئاگای لــە فەلــسەفە، بــیری جیــاواز، تەفــسیری جیــاواز،

رەوشـی جیاوازی جیهـانی ئیـسلامی، هـەبووە یـان نەبووە؟

ئەگـەر لـە وەڵامـدا، پشت بـە نوسـراوی رەسمـی، یــان یاداشــتی مێژوونوســەکانی دێــرین، یــاوەکو تۆمارەکـانی دەسـەڵاتەکان ببەسـتین، ئـەوەی هــەتا ئێــستا بڵاوبونەتــەوە و دەســتکەوتون، بێگومــان شتێکی ئەوتۆیان بۆ سەلماندنی بیروڕای جیاواز و کاریگــەری فێرگــە فەلــسەفیە جیاوازەکــانی نــاو جیهـانی ئیـسلام، لـێهەڵناکرێنین. چـونکە مێـژووی تۆمارکراو، مێـژووی دەسـەڵاتی رەسمییـە. مێـژووی روداوە زانراوەکانـە. مێـژووی تۆمارگـای دەربـارەی خەلیفــەکانو ســوڵتانەکانە. جگــە لــەم مێــژووە، مێژووی راستەقینەی روداوەکان لە روانگەی گـەلانی ژێردەستەوە، مێـژووی ستەملێکراو، بەرهەڵستکار، دەنگی ناڕەزا، زوڵم، کوشتار، بیرکردنەوەی جیاوازو کولتـورە رەسـەنەکان.. تـاد، هیـچی ئەوانـە، هــەتا

ئێستاش کەمیان زانراوون و بە مێژووی تۆمارکراوی رەسمی، زۆربەیان داپۆشراوون. کەواتە: مێژووی هەتا ئێستا نوسراوی گەلانی وەکو ئێمە، یەکلایەنە نوسراوە. ناشێ بکرێتە بنەمای لێکدانەوەی هەمەلایەنە بۆ رابوردووی دورنزیکیش. لەم پێودانگەوە، با پرسیارەکەمان، بە دیویێکی نوێدا بکەین و پێوەرێکی زانستی بۆ باشتر لێکدانەوەی رابوردومان بەکاربهێنین.

مەخابن هەتا ئێستا، جگە لەچەندین هەوڵی گرنگ لەهەڵدانەوەی هەندێ لایەنی پێشتر باسنەکراوی مێژوومان، بەتایبەتی هەوڵەکانی (**شەرەفخانی بەدلیسی، ئەمین زەکی، د.کەمال مەزهەر، جەمیل رۆژبەیانی، د.رەفیق سابیر، د.رەشاد میران، نەوشیروان مستەفا، دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملو**..تاد)، هێشتا بەسەرهات، روداو، دیاردە و دەرکەوتەی زۆر زۆری مێژووییمان

له رووی: **ئابوری، سۆسیۆلۆژی، سیاسی، کەلەپور، کولتور، ترادسیۆن، کەسایەتی و جوگرافیش**، ماون لێکبدرێنەوە و بەرەنجامی زانستیان لێ گەڵاڵەبکرێن. هێشتا تەنانەت میتۆدەکانی ئەبستمۆلۆژیا و زانستە مرۆییەکانمان بۆ لێکدانەوەی هەمەلایەنەی مێژوومان، زۆر لاوازە. ئەوەی بەناوی ئەبستمۆلۆژیاشەوە، لەدوای راپەڕینەوە لەسەر رابوردوومان و ئێستامان باسکراوە، بە میتۆدێکی هێندە دابڕاو لە راستیە بابەتیەکان کاری پێکراوە، دەشێ بڵێین ئەوپەڕەکەی هەندێ پرسیاری نوێی دروستکردووە، بەڵام بابەتەکان هێندە بە دابڕاوی باسکراون، تەنانەت پرسیارەکانیش بە تەمومژ داپۆشراون. لەناو چوارچێوەی ئەم دۆخە مێژووییەی هەمانە، گەر بمانەوێ بەدیوێکی نەدیتراودا شەنوکەوێکی کاریگەریە فەلسەفیەکانو بیری پێچەوانەی

سیاسەتی رەسمی دەسەڵاتی سەدەکانی ناوەڕاست بکەین، جێی خۆیەتی رچەیەکی بەستەڵەك ئاسای مێژوو بشکێنین.

## 2-1 ناسیۆنالیزمی عەرەب و ئیسلام و کورد

میللـــەتێك، بەدرێــژایی مێــژووی قەڵــەمڕەوە جیاوازەکـانی عەباسـی، ئومـەوی، شـیعە، سـوننە، سـەفەوی، عوسمـانی.. تـاد، کـە هـەر هـەمویان دەسـەڵاتی جۆراوجۆری ئیـسلامی بـوون، بچوکترین مافی میللی بە ڕەوا نەزانرابێ، سەرکوتیان کردبێ، تـاڵان و تاوانیـان بەرامبـەر نوانـدبێ، ئاینەکـەیان بـە خــراپ، نەورۆزەکــەیان بــە نــەریتی مەجوســی، زمانەکــەیان بــێ بایــەخ، داب و نــەریتیان بــە نـامۆ بـەئایینی ئیـسلام لەقەڵـەم دابـێ، میللـەتێکی ئـاوا، سەرەڕای ئەوەی لەرووی عەسکەرییەوە شکێندراوە، بــەڵام ئــاخۆ لەقۆناغــەکانی مێــژوودا، لەبەرامبــەر ڕێبازی جیاوازی خوڵقاوی ڕۆژگاری خۆیاندا، ئاخۆ هـیچ جـۆرە زەمینەیـەکی خۆڕسـکی بـۆ وەرگرتنـی بیروڕای جیـاوازو پاراسـتنی جیاوازیـەکانی خـۆی، لەگــەڵ کەلــەپوری داســەپاودا، هــەبووە؟ ئەگــەر

زەمینەیەکی ئاوای هەبووە، ئاخۆ توانیویەتی هەمووی، یان نیوەی، یا وەکو بەشێکی ئەو زەمینەیە بپارێزێ؟

لەوەڵامی ئەو پرسیارانەدا، چەندین کتێب و لێکۆڵینەوەی هەمەلایەن پێویستن. بەڵام دەرهەق بەم پێشەکییە، هێندە دەگوترێ کەوا: سەرەڕای ئەوەی بەرە بەرە ئیسلام بۆتە خاوەن شارستانیەتێکی گەورەو بەشی زۆری شارستانیەتەکەش، زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ گیانی خواوەندناسی و مەسەلە رۆحیەکانی ئایینی ئیسلام کە بۆ سەدەکانی ناوەڕاست و قۆناغی کوێرەوەری و کۆیلەیەتی، وەرچەرخانێکی گەورە بووە، سەرەڕاش، لەبەرئەوەی لەسەدەکانی دەسەڵاتی ئیسلامدا، دەسەڵاتدارێتی ستەمکارانە بەکارهێنراوە. لەخەلافەی راشدینەوە بۆ عەباسی، ئومەوی، خەلیفەکانی دیکە، عوسمانی و سەفەوی، جگە

لـــەوەی لـــەناو خۆیانـــدا دوچـــاری نـــاکۆکیو کوشـتارێکی کەموێنـە بـوون، بـەناوی ئیـسلامەوە، یەکـــدیان نـــابوت کـــردووە، ئەمـــەش کاریگـــەری نێگـەتیف لەسـەر بـاری کۆمەڵایـەتیو ئـەتنیکی نـاو قەڵـەمڕەوەکانی ئیـسلام بـووە، دەڵـێین جگـە لەمـە، بـــەحوکمی سیـــستەمی بیرکردنـــەوەی ئیـــسلامو بەرژەوەندییـــە ناسیۆنالیـــستەکانی دەســـەڵاتی باڵادەسـتی عـەرەبی لـەناو ئیـسلامدا، قەڵـەمڕەوە جیاجیاکـــانی ئیـــسلام لـــەناو عەرەبـــدا، لـــەناو خەلافەتـەکانی عـەرەبی ئیـسلامیدا، چـەند لـەناو خۆیاندا ناکۆك بوبن، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی بۆ پاراســـتنی پایـــەی ناســـیۆنالیزمی عـــەرەب هاوپێنـــاوبون، هـــەر بـــەو پێیـــەش، لەبەرامبـــەر نـــەژادەکانی دیکـــەی ناعـــەرەب، سیاســـەتێکی ناسیۆنالیـستی رەقیـان گرتۆتەبـەر. بۆیـە، نـەك عەرەبو میللەتانی ناعەرەبیان بەیەك چاو تەماشا

نـــەکردووە، بـــەڵکو لەحوکمڕانیـــدا بەژێردەســـتەو کـەمتریش سـەیریان کـردوون. گەرچـی لەدەقـەکانی قورئانـــدا ئایـــەتی باشـــتر لـــەبیروڕای حـــوکمڕانی ناسیۆنالیـــستی دەســـەڵاتدارانی عـــەرەب بەرامبـــەر میللـــەتان هەیـــە. هـــەروا ئایـــەتیش هەیـــە دەمـــاری ناسیۆنالیـــستی عـــەرەبی ئەســـتور دەکـــا. خـــۆی ئایەتـەکان بـەزمانی عـەرەبین، پێغەمبـەر کـە عەرەبـە، خولـەفای راشـدین کـە هـەمویان عـەرەبن، سـوننەتو تەفسیرەکان، نوسینی مێژووی دێرینـەی ئیسلام کـە بەزمانی عەرەبینو بونی گۆڕی پێغەمبـەرو پێغەمبـەر ئیبراهیم لەخاکی عەرەبستاندا، هەموو ئەمانە، ئەگەر لـــەم ســـەردەمەدا، لـــەژێر کاریگـــەری بـــیروڕای دیموکراسـی، نوێگـەری، ئـازادی، رزگـاریو بـەهۆی تـــەوژمی تەکنـــەلۆژیاو شارســـتانیەتی نوێـــوە، پێکهاتـەی ناسیۆنالیـستی عـەرەبی هـەتا رادەیـەك گۆڕابـێ، ئـەوا گـەر بـۆ (1400) سـاڵ لەمەوبـەر

بگەڕێینــەوە، ســاڵنامەی ســەدەکانی دوای ئــەوەش، هەتا رمانی عوسمانیەکان، هەڵدەینەوە، دەبینین ئەو هەموو هێما عەرەبیانە، لـەناو دەسـەڵاتدار، خەلیفـەو قـەڵمڕەوی ئیـسلامدا، راسـتەوخۆ کاریگـەری لەسـەر عــەرەبو ئاڕاســتەو چــەمکە ناسیۆنالــستیەکانی عــەرەب، هــەبووە. ناشــکرێ کاریگــەری نــەبوبێ. تەنانـەت لـەم سەردەمەشـدا، ئـەو هـەموو ناونیـشانە عەرەبیـەی سـەرەتاکانی ئیـسلام کاریگـەریان لەسـەر عــەرەب هــەر مــاوە، چ جــای بــۆ چــوارده ســەدە لەمەوبــەر. ئێــستاش دوای تێپــەڕبوونی چــوارده سەدەش، نەك لەناو عەرەبدا، بەڵکو لـەناو میللـەتانی رۆژئاواشـدا، فەلـسەفەیەك، بیرێـك، ئایدیۆلۆژیـەتێك، لەناو نەتەوەیەکدا، بەزمانی ئەو نەتەوەیە دابهێنرێ، پـێش هـەموو شـتێك لـەناو خـودی ئـەو نەتەوەیـەو پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکەیدا کاریگـەری زیـاتری هەیـە. شــانازی زیــاتری پێــوەدەکرێ. پاشــان لــەناو

نەتەوەکانی دیکەدا بڵاودەبێتەوەو پەیڕەودەکرێ. یەکێك لەکێشە گەورەکانی فەلسەفە نوێکانی جیهان لەگەڵ گەلانی دونیا، مەسەلەی ناوەندی فەلسەفەکان و دەوروبەرە (المرکز والاطراف)، یاخود با بڵێین: سەنترالیزمی فەلسەفەی رۆژئاواو گەلانی وەرگری ئەو فەلسەفە نوێیانەیە.

نەژادپەرستی، یاوەکو باڵادەستێتی نەژاد، تێزێکە بەدرێژایی مێژوو هەبوە. بەتایبەتی دوای ئەوەی زانستی بایۆلۆجیاو ئینترۆپولۆجیا بەهەڵە لەروانگەی نەژادەوە لێکدەدرانەوەو نەژادی بالاو نزمتر، لەسەر ئەو تێزە دیاریدەکران. تەنانەت ئێستاش، دوای ئەوەی زانستی بایۆلۆجی نوێ سەلماندویەتی کە نەژادی پوختو چاکتر لەنەژادی دیکە نییە، سەرەڕاش، ئێستاش رێبازی رەتکردنەوەی توندڕەو لەئۆروپادا، لەئۆروپایەکدا کە فەلسەفەی دوای نوێگەری سەریهەڵداوە، هەر

هەیـە، لەفەرەنـسا، روسـیا، نەمـساو ئەڵمانیاشـدا، لەنەشونماکردنو زیادبونی ڕێـژەی پەرلەمانیـشدان. لەئۆروپای ئەوپەڕی پێشکەوتندا وابێ، ئاخۆ لـەناو عەرەبی ئەوپەڕی دواکەوتودا لەسەرەتای ئیسلامدا، چۆن بووە؟

لەم راستیانەوە، ئەگەر بمانەوێ باری رابوردوی کـوردەواری هەڵبـسەنگێنین، چـی دەبیـنین؟ هەڵبەتـە جیاوازیـەکی گــەورە لــەنێوان کوردســتانو شــارو مەڵبەنـــدی عەرەبنـــشین، یـــان بـــاقی ئـــەقوامی کاربەدەستی ئیـسلام، دەبیـنین. لەهـەمو رویەکـەوە: ئـــابوری، کۆمەڵایـــەتی، سیاســـی، کولتـــوریو شارستانیـشەوە، کـوردەواری دواخـراوە. ئـەوانیش پێشخراون. ئایە میللەتێك کە باری کۆمەڵایەتیەکـەی ئـاواو دۆخـی سیاسـیەکەی بەوشـێوەیە بوبـێ، جیاوازیـەکی زەق لـەنێوان خـۆیو دەسـەڵاتدارانیادا کرابێ، بـەزەبری لەشکرکێـشیش وازی پـێ لـەئاینو

دەسەڵاتو داب و نەریتی هێنرابێ، ئایە میللەتێکی ئاوا تەواو تەسلیم بوەو لەبەرامبەر ئەو چەمکانەدا کە نامۆبون بەژیان، کولتور، ترادسیۆن و ئەقڵیەتیان، هیچ جۆرە کاردانەوەیەکی نەبوە؟ هیچی خۆی نەپاراستووە، ساکاوە؟ یاخود نەخێر، لەهەموو بارێکەوە، هێندەی بۆی لوابێ و توانای هەبوبێ، بەشێك لەجیاوازیەکانی لەهەموو بەشێکی ژیان، پاراستووە؟ لەو باوەڕەدام لەبەرامبەر ئاینێکی وەکو ئیسلامو نەتەوەیەکی وەکو عەرەبدا، کە میللەتو شارستانیەتی گەورەیان لەمێژووی رۆژهەڵاتو ئەفریقیای عەرەبیدا، لەبۆتەی خۆیاندا، تواندۆتەوە، مانەوەی میللەتانی وەکو کورد، وەکو میللەتێکی جیاواز، خۆی لەخۆیدا گەورەترین بەڵگەی سەرکەوتنی پاراستنی جیاوازییەکی گەورەیە. ئەگەر ئەم سەرکەوتنە گەورەیەش وردتر بکەینەوە، دەردەکەوێ کە لە مەسەلە مەزهەبیەکانەوە بۆ

کۆمەڵایەتی، کولتور، کەلەپور، فولکلۆر، پێکهاتەی مرۆڤ، شارستانیەت..تاد، هەر رویەکی ژیان بگرین، جیاوازی پارێزی بەرامبەر ئاینی سەراپاگیری ئیسلام دەبینین. بشمانەوێ هەموو جیاوازییە پارێزراوەکان بەرامبەر شالاوی سەراپا داگیرکردنەکەی ئیسلام، هۆیەکانی زانستیانە لێکبدەینەوەو بەرەنجامێکی لۆژیکی ساغبکەینەوە، پێمانوایە بنەمای ناوەکی و فاکتەری دەرەکی رۆڵیان لەم پرۆسەیەدا، گێڕاوە.

میللەتێك، ئەگەر بنەما ناوەکیەکانی پێکهاتنی، هەڵکەوتەی سەرزەمینی، تۆکمەیی کۆمەڵەکەی، پاراوی زمانەکەی، زیندویی داب و نەریت و کەلەپورەکەی، لەو رۆژگارەدا کە هێرشێکی بەربلاوی ئاینێکی سەراپاگیری کراوەتەسەر، لەئاستی بەرەنگاری پێویستدا نەبوبێ، هەڵبەتە وەکو ئەقوامەکانی دیکە، بەداگیرکەرەکانی قوت

دەچوو. وەکو ئەم بنەما ناوەکیانە تۆکمەبون و بەرگەیان گرتووە، بێگومان لەدەوروبەریشدا، هەر فاکتەرێکی ئەتنیکی، کولتوری، شارستانی، یارمەتی بنەما ناوەکیەکانی دابێ، کەموزۆر کارلێکیان کردووەو یەکدیان زاخاوداوە.

لەخۆڕا سەدان وشەمان ئاوێتەی زمانەکەمانی دیکە نەبووە. تەنانەت بۆ ناو ئایەتەکانی قورئانیش. داب و نەریتمان بەرێکەوت لەهەندێ روەوە لەداب و نەریتی دەوروبەرمان ناچێ. کەلەپورو فولکلۆرمان لەئاسمانەوە لایەنی هاوبەشی لەگەڵ دەوروبەردا بۆ دانەباریووە. جگە لەرەوشی بیرکردنەوە، شێوازی بەڕێوەچون، شێوەی رەفتارو کردار.. تاد. ئەمە راستیەکی بابەتی کارلێکی ژیانی هاوبەشی میللەتانە. هی شارستانیەتەکانە. لەدورەکان کەم و لەنزیکەکان زۆرتر.

## 1- 3 سانسكريتیو مێژووی كورد

زانستی مێژوو، كۆنترین زانسته لەناو زانستەكاندا. بەڵام ئەم زانستە دێرینەیە، هەتا سەدەی نۆزدەهەم، بەپێی میتۆدەكانی میتافیزیكیەتو لاهوتیەت دەنوسرا. لەوەبەدواوە رێسای زانستی لەسەر لێكدانەوەی دەقە كۆنەكان، پیتو وشە، بگرە، زەمانو زەمینەی كارەساتو رووداوەكانیش، هەتا رادەی دیاریكردنی بەسەرهاتی راست یان ناڕاست، لەنوسینی مێژوودا بەكارهێنرا. وەكو: هاوشانی هەموو زانستە نوێ داهێنراوەكانی زانستە مرۆییەكان، زانستی زمانیش لەئەڵمانیا سەرەتاو پاشان لەرۆژئاوادا، بەناوی (فۆنۆلۆجیا) داهێنرا. ئەم زانستە هەموو نهێنیەكانی زمان، سەرچاوەی نوسراوەكانی مێژوویی، ئایینی، رێزمانی، رەوانبێژیو ئسوولی ئاخاوتن..تاد، تیكڕا لێكدەداتەوەو ئەنجامو بەرەنجامی

سەرسـوڕهێنەریان لەمێـژووی کـۆن و نوێـدا، پـێ هێناوەتەدی. لەبەر ڕۆشنایی ئەم زانستەدا توانراوە پەیوەندییـە وێکـچوەکانی زمـانی سانـسکریتی هیندی، لەگەڵ زمانەکانی ئۆروپادا، بدۆزرێتەوە. کە چاوگی زمـانی کـوردو فارسـیش دەگێڕدرێتـەوە بـۆ سـەر زمـانی سانـسکریتی. لێـرەدا هەڵوێـستەیەك لـەرابوردوی دوور، مایـەی لێکدانەوەیـەکی زانستی زمانەوانی زۆر گرنگە، ئەویش ئەوەیـە، چۆن چۆنی لـەرۆژگاری دوور دووردا، زمـانی کـورد ئاوێتـەی زمـانی سانـسکریتی هینـدی دەبـێ. زمانەکـە ڕۆدەچـێتە هـەموو ڕوویـەکی ژیـان و بـنج و بنـەوانی پێکهاتـەی کـورد، ئەمـە لەکاتێکـدا هیندسـتان زۆر دووربـووە لەکوردسـتان و نەشـزانراوە دەسـەڵاتی هیندی یان ئایینێکی کۆنی هیندستانی، ڕاستەوخۆ لەکوردستاندا حوکمڕانییـان کردبـێ. کەچـی دوای ئیـسلام و دەسـەڵاتەکەی بـە سـتەم و سـوپای

داگیرکردنیەوە، خاك و خەڵك و رۆحی میللەتەکەش داگیردەکەن، بەڵام لەدوای زیاتر لەهەزارو چوارسەد ساڵ لەحوکمڕانی، ناتوانن زمانی نەتەوەکەمان بگۆڕن. ئەمە لەکاتێکدا توانیویانە بەشی هەرە زۆری ئاینی میللەتەکەمان بگۆڕن. ئەگەر هەبن زانستیانە خەریکی لێکۆڵینەوەی ئارکیۆلۆژی مێژوو، زمان، سۆسیۆلۆژی و ئینترۆپۆلۆژیمان بن و بەرەنجامێکی یەکالاکەرەوەمان بۆ بسەلمێنن، ئاخۆ چەند راستی نوێمان بۆ دەردەخەن کە هەتا ئێستا لەناو روداوەکانی مێژوودا دێزەبەدەرخۆنە بوون؟ بێگومان دەتوانن بۆمان دەربخەن کە بۆچی زمانی سانسکریتی بەوچەشنە رۆدەچێتە پێکهاتەو زمان و هۆشی کوردەوە، بەڵام زمانی عەرەبی، کە زمانی قورئان و قورئانیش بەزمانی خواوەندپەرستی تاکانە دەسەپێنرێ، ناتوانێ زمان و ترادسیۆنی کورد بگۆڕێ. هۆیەکەی چییە؟..

– ئایــه زمــانی ســانــسکریتی ئــایینی کــۆنی هیندیەکه بەهێزتر بووه؟

– ئایه دەسەڵاتی ئیسلامی نەیتوانیوه کولتورو زمانی میللەتان بگۆڕێ؟

– ئایـــه دەســـەڵاتی ئیــسلامی حـــوکمێکی ستەمکارانەی کردووه؟

– ئایــه شارســتانیەتی ئیــسلامی لەئاســتی گۆڕینی شارستانیەتی گەلانی دیکەدا نەبووه؟

– ئایــه نــاکۆکی شارســتانیەتەکانو جــەنگو کێشەکان رۆڵیان لەم روداوانەدا گێڕاوه؟

– ئایـه کاریگـەری زمـانو کولتـورو ترادسـیۆنی میللــی، بــەهێزتره لەکاریگــەری مەزهــەبو ئــاینو خوداوەندناسی؟

مەبەســتمان لــەم پرســیارو راســتیانه ئەوەیــه دەریبخەین شارستانیەتی گەلان چۆن کاریان لەیەك کـردووه. چ لـەکاتی جـەنگو داگیرکرنـدا، چ لـەکاتی

ئاساییدا. خەڵكو خوێنەریش بخەینە سەر هەستی وەڵامدانەوەی پرسیارە بێوەڵامەکانی مێژوو. بزانرێ کە جگە لەبڕیارو نوسراوی دەسەڵاتدارانو ئەوانەی لەژێر هەژمونی دەسەڵاتداراندا مێژوویان تۆمارکردووە، هەزاران راستی دیکەی میژوویی هەن پێویستە بپشکێندرێنو لێکبدرێنەوەو یەکالابکرێنەوە.

میللەتی کورد، کە دەرخرابێ زمانەکەی رووی هاوبەشی لەگەڵ زمانی سانسکریتی کۆنی هیندیدا هەبێ، ئاخۆ چیکەی هاوبەشی لەگەڵ شارستانیەتەکانی دیکەدا هەبێ؟ ئەوەی زۆرتر مەبەستی ئێمەیە، کاریگەری بیرو فەلسەفەیە کە لەپێش زاییینەوە، بیرو فەلسەفە لەناو گریکەکان، هیندیەکانو رۆژهەلاتیەکاندا، هەبووە.

مێژووی نوسراوی رەسمی کورد، چ ئەوانەی تایبەت نوسراونو چ ئەوانەی لەگەڵ مێژووی

میللەتانی دراوسێدا نوسرابن، ئاماژەیەکی زانستی بە کاریگەری بیرو فەلسەفە باوەکان، لەکوردستاندا، وەکو لەناو عەرەب و فارسدا هەبووە، ناکا. مێژوونوسانی خۆشمان پرۆژەیەکی تایبەتیان لەمبارەوە نەبووە. بۆیە، مێژووی بیرو مێژووی کاریگەرییە فەلسەفیەکان لەناو کوردستاندا، مێژوویەکی ونە. ئەمە لەکاتێکدا لەهەر رویەکەوە سەیری پێکهاتەی پارێزراوی کورد بکەین، بەئاسانی کایەی بیری پارێزراو و تەنانەت رامانی فەلسەفیش، چ خۆکردی کوردی و چ هی دەرەکی دەدۆزرێتەوە.

پێمان وا نییە مانەوەی یەزیدیەکان، کاکەییەکان، قەڵخانیەکان، بەدەر بن لەبیرو رامانی ئەقڵی جیاواز لەئاینی ئیسلام. ئەو لاهوتیەتەی لەئیسلامدا هەیە، لەو مەزهەبانەدا نییە. ئەو قوڵبونەی لەمیتافیزیکیەتی ئیسلامدا هەیە، لەو

مەزهەبانـــەدا نییـــە. ئـــەو بەکۆیلەکردنـــەی ئـــەقڵ لەبەرامبەر خواو خواوەندناسیدا لەئیسلام‌و تەنانەت لەئاینەکانی دیکەشدا هەیە، لەو مەزهەبانـەدا نییە. ئەو ترادسیۆنانەی لەئیسلام هەیە، لەو مەزهەبانـەدا نییـــە. ئـــەو دۆگمـــەی لەئیـــسلامدا هەیـــە، لـــەو مەزهەبانـــەدا نیـــە. ئـــەو پابەندیـــەی ســـوننەت‌و پەیڕەوکردنـــەی کـــە لەئیـــسلامدا هەیـــە، لـــەو مەزهەبانـەدا نییـە. ئـەو تێڕوانینـەی بـۆ دەسـەڵات‌و بەکارهێنانی زەبروزەنگ بۆ دەسەڵات کە لەئیسلامدا هەیە، لـەو مەزهەبانـەدا نییـە. ئـەو کەشـە پەرستنەی لەئیـسلامدا هەیـە، لـەو مەزهەبانـەدا نییـە. ئـەو توندڕەویـەی بەرامبـەر ژن‌و خواردنـەوەو خۆشـی‌و چـێژی ژیـان، لەئیـسلامدا هەیـە، لـەو مەزهەبانـەدا نییـــە. ئـــەو گۆشـــەگیرییەی بەرامبـــەر یاســـا کۆمەڵایەتیـەکان‌و یاسـای ئـەحواڵی شەخـسی کـە لەئیـــسلامدا هەیـــە، لەومەزهەبانـــەدا نییـــە. ئـــەو

**ڕەتکردنەوەی ئاین‌و مەزهەب‌و باوەڕی بەرامبەر کە لەئیسلامدا هەیە، لەو مەزهەبانەدا نییە.. جگە لەو مەزهەبانە، مەزهەبەکانی هەقەو بارزانیەکانیش، جۆرێك لەسەربەخۆیی لێکدانەوەی (میتافیزیکی — دونیایی)یان تیایە، لەهەندێ رووەوە جیاوازن لەگەڵ کەلەپورو نەریتی سەراپاگیری ئیسلامی.. تاد.**

**سیستەمی ئیسلام‌و سیستەمی ئەو مەزهەبانە دوو سیستەمی زۆر لێکجیاوازن. جیاوازیەکانیان لەهەموو بارێکەوەیە، سەرەڕای هەموو هەوڵێکی دەسەلاتدارانی ئیسلام بۆ سڕینەوەی جیاوازیەکان، هەتا ئێستاش پارێزراوە. گەرچی تا ئێستا هەندێ لێکۆڵینەوەی رۆژهەلاتناسی‌و خۆمانی بۆ ئەو مەزهەبانە کراون، بەلام وا تێدەگەین کە هێشتا جیاوازیەکان زۆریان بەبەرەوە ماوە کاری زانستیان لەسەر بکرێ، هەتا بنج‌و بنەوانی جیاوازیەکان**

دەربخرێن و بزانرێ، مێژووی بیرکردنەوەی خۆکردی کوردی بۆ کەی دەگەڕێتەوەو چۆنیش لەناو بەشێکی دیاریکراوی گەلەکەماندا، پارێزاون؟

گەر لەو راستیانە بگەڕێین و لەباری کۆمەلایەتیشمان وردتربینەوە، هەر جیاوازیەك لەم کۆمەڵەدا، ترادسیۆن، فۆلکلور، کەلەپور، گۆرانی، کولتور..تاد، پارێزرابێ، بێگومان بەگیانی بەرەنگاری ناخی میللەتەکە پارێزراوە. گیانی بەرەنگاری ناخی میللەتێکیش بە رێکەوت ناخولقێ، بەڵکو درێژەی دیاردە، دەرکەوتە، رووداوەکانی و ئاڵوگۆڕەکانی رۆژگار، جیاوازیەکان دەخولقێنێ و دەیانکاتە بەشێکی گرنگی پێکهاتەی هەست و ژیانی میللەتان.

ئەگەر بشمانەوێ لایەنی نوسراوی کوردەواری بپشکنین، جگەلەوەی پاراستنی خودی زمانەکەمان لەبەرامبەر کاریگەری تەعریب و تەفریس و تەتریك

دا، کە بەشی زۆری ئەو شۆڤێنیزمەی میللەتەکانی قەڵەمڕەوی ناوچەکە، لەکۆنەوە هەتا ئێستاش هەر بەهۆی ئیسلامەوە سەپێنراونەتە سەرمان، کە ئەگەر ئەم سەرکەوتنە مەزنە نەبوایەو زمانەکەمان وەکو ئێستا نەپارێزرابایە، ئێستا لەرووی زمانەوە، وەکو تەتەرو چەرکەس‌و مەسیحیەکانمان، لێدەهات. پاراستنی زمانەکەمان وەکو یەقینێکی جیاوازی میللی، سەرەڕای ئەوەی لەرووی مەزهەبیەوە، زۆربەی هەرەزۆرمان تەسلیم بوین، فەزایەکی جیاوازی بیرکردنەوەی ئەوتۆی خوڵقاندووە، کە هەم لەسەدەکانی ناوەڕاستدا گیانی بەرەنگاری میللی هەتا رادەیەك بەدروستکردنی دەسەڵاتی ناوچەیی سەرهەڵبداو هەم خزمەتکردن‌و دەوڵەمەندکردنی کولتوورو زمانی گەلەکەمان، وەکو یەکێك لەجیاوازیەکانی بیرکردنەوەی بیرمەندی کورد، ببوژێتەوە. ئەمە لەکاتێکدا بیرمەندی زۆریشمان

کەوتونەتە ژێر کاریگەری تەعریبو تەفریسو تەتریك. کراونەتە موڵکی حەرامی ئەوان!

لەو باوەڕەداین، مەلای جەزیری، ئەحمەدی خانی، نالی، مەولەوی، بێسارانی، مەحوی.. تاد، سەرەڕای ئەوەی پیاوی ئایینی پایەبەرزیش بوون، بەڵام هیچیان بە رێکەوت نەچونەتە ناو جیهانی سۆفیگەری، باشترین بەڵگەش ئەوەیە بەو گیانە بەرزە بەزمانی زگماکی خۆیان هەستو بڕواو بیری خۆیان دەربڕیووە. ئەم جۆرە پرۆژە گەورانەی ئەم زانایانە، بەرێکەوت نییە. کاردانەوەش نییە. ئەوانە زانای ئایینیو مەلا زادەبوون، ژیانیان سەپارا لەمزگەوتو حوجرەو خانەقاکاندا، لەناو کتێبە عەرەبیەکانی تەفسیری قورئانو مێژووی ئیسلامو رەوانبێژی عەرەبیو رێزمانی عەرەبیدا بردۆتەسەر. قەڵەمیان بەو زمانە پژاوە. ئەوکاتە تەنانەت فێرگەیەکی خوێندنی کوردیش لەسەرانسەری

کوردستاندا، هەر نەبووە. کەچی دەبینین یەکە یەکە ڕاچڵەکیون و بە زارە جیاوازەکانی کوردیی، بەرزترین شیعریان هۆنیوەتەوە، خانی بەئاشکرا شیعرێك دژی خەلافەتی عوسمانی دەنوسێ و بانگی یەکێتی نەتەوەیی دەداو بەئیسلام وەکو (خیر امة) ی ئیسلام ڕازی نابێ. مەولەوی ئاشقی خاك و سروشتی کوردستان دەبێ. نالی دڵی نایە بگەڕێتەوە شارە داگیرکراوەکەی. هەموشیان و هی تریشیان دوای ئەوان، شۆڕشێکی ئەدەبی فراوان و بەرپەرچدانەوەیەکی میللی و زمانەوانی کاریگەر، دەخولقێنن.

## 4-1 سوفیگەری و فەلسەفەو لاهوتیەت

هـەموو جـۆرە بەرهـەمێکی تەسـەوف، جۆرێکـە لەبەرەنگاری ئەدەبی و میللی و فەلسەفیش. جۆرێکە لەوردکردنـــەوەی زیـــاتری بیرکردنـــەوە لەبەرامبـــەر لاهوتیـــەتی دەســـەڵات و دەســـەڵاتی رەسمـــی ئیسلامگەری.

چـــەمکەکانی میتافیزیکیـــەتی ســـۆفیگەری، ئامانجەکانی، زاراوەکانی، پاککردنـەوە دەرونیـەکانی، رەفتـارو گفتـارو کەشـی خواپەرسـتنی، جیاوازیـان زۆرە لەگـــەڵ تەریقەتـــەکانی دیکـــەو سیاســـەتی ئەرسەدۆکـسی ئیـسلامی. بنـــەماکانی تەســـەوف دەگەڕێتـــەوە بـــۆ ســـەرەتای تەســـەوفی فەلـسەفیی یونـان و هیندسـتان. ئـەو بنـەما فەلسەفییە ئاوێـتەی عیرفانی ئیسلامی کراوەو کراوەتە رەوشێکی ئاینی تایبەتی.

ئاشـــكرایه.. زانایـــەکی وەکـــو مـــەولانا خالیـــد (1779–1827)، بـــەئارەزو ڕێگـــەی پـــشکنینی دۆزینەوەی ڕاستیەکانی بەرەو هیندستان نەگرتۆتە بـــەر. ئەگـــەر نـــاخی ئـــەم زانایـــە، ســـەرەنجامی کاردانـــــەوەکانی بـــــیرو فەلـــــسەفە، جۆشـــــی جیـــاوازیخوازی نـــەخواردبێ، یـــەقینی جیـــاوازو بەرپەرچـــدانەوەی هەمەلایەنـــەی ســـــەرەنجامی بیرکردنـــەوەو لێکۆڵینـــەوە بـــۆ ســـاغ نەبوبێتـــەوە، پیـــاوێکی میکـــایڵی کـــە ژیانیـــان بـــەکۆچ و کۆچـــبار دەبردەســەر، چــۆن بڕیــاردەدا لەکوردســتانەوە خــۆی بگەیەنێتـە هیندسـتان و لـەوێوە، بـەبیرو فەلـسەفەی جیـاواز کەشـکۆڵی خـەم و خولیـای پـڕ بکـا و بێتـەوە بەرامبـــەر دەســـەڵاتداران و دەســـەڵاتی تەریقـــەتی قادری، بکەوێتە بڵاوکردنەوەی ئەندێشەیەکی نـوێ؟ (مـــەولانا) کـــە ڕێگـــەی هیندســـتانی گرتۆتەبـــەر، پێـــشوەخت هـــەموو مەســـەلەکانی لا یـــەکالابوون.

زانیویەتی لەناوەندەکانی ئیسلامی (مەککە، میسر، بەغدا، قوم، شامو ئیستەمبوڵ) دا، ئاستی بیرو فەلسەفەی ئیسلامی گەیشتونەتە چ قۆناغێكو چەند لەراستیەکانیان پێکاوە؟ مەولانا رێگای هیچ یەکێ لەو ناوەندانە هەڵنابژێرێ بۆ دیاریکردنی بیرو فەلسەفەی دیکە. دەچێ بۆ هیندستان، ئەو هیندستانەی کەمیان ئیسلامو زۆربەی هەرەزۆریان براهمی، هیندۆسیو بوزی بون، گا پەرستو بتپەرست بوون. بەڵام مەولانا زانیویەتی فەلسەفەو فەلسەفە روحیەکانی میتافیزیك بەتایبەتی، لەو وڵاتەدا، پەلوپۆی زۆر هاویشتووە، بۆیە ئەوێی هەڵبژاردووە نەك ناوەندەکانی کولتوری ئیسلام. کە لەوێشەوە ئەندێشەی نەقشی هێناوەتەوە، چاك زانیویەتی ئەم ئەندێشەیە چەند لەژێر کاریگەرییە فەلسەفیەکانی هیندیو بێگانەدا بووە. وێڕاش، هەر بەو باوەڕەوە گەڕاوەتەوە. هەر لەپێناوی ئەو

باوەڕەشـــدا ســـەری ئـــاوارەیی نایـــەوە. ئەمـــە ژان‌و هـــــەژانێکی گەورەیــــە کــــە لەیــــەقینی هەســــــت‌و هەڵوێستەوە چرۆ دەکاو دەبێتە خیتابێکی مەزهەبی جیـاواز، پاشـان روبـەری وەرگرەکـانی‌و کاریگـەری ئـــەو خیتابـــە مەزهەبییـــە لەســـەریان، دەریدەخـــەن لـەناخی چـەند بەشـی کۆمەڵـدا زەمینـەی وەرگرتنـی ئـەو بـیرو ئەندێـشەیە هـەبووە. پێمانوایـە روبـەری وەرگـرو وەرگرتنـــی ســـۆفیگەری‌و نەقـشی زۆر زۆر بـــــووە. لەکوردســـــــتانەوە تەنیوەتـــــەوە وڵاتـــــانی دەروبەریش. ئەمەش باشترین بەڵگەیـە کـە ئیسلامی سـەراپاگیری‌و لاهوتیـەتی دەسـەڵاتی ئیـسلامی، لـەو هەلومەرجـە دواکەوتوەشـدا، بـۆ هەمووخـەڵك قـوت نەچـووە. لای تـەواوی خـەڵك نەبونەتـە قەناعـەتی لێـــبڕاو. هەربۆیـــە، مەزهـــەبێکی لەهیندســـتانەوە هێنـراو، زوو تەشـەنە دەسـەنێ‌و لـەناو روبـەرێکی فراواندا، بڵاودەبێتەوە.

لەدوای شاعیرە کلاسیکیەکان و ئەو بیرو فەلسەفەیەی لەسۆفیگەری و میتافیزکیەتدا پەیڕەویان لێدەکرد و بەزمانێکی پاراوی کوردانە پێشیشیان دەخست، پێموایە ڕۆژنامەی کوردستان و ڕێکخراوە دامەزراوەکانی باشوری کوردستان و ڕۆشنگەرەکانی ئەو زەمانەی بەشەکانی کوردستان (**حاجی قادری کۆیی، ئەمین زەکی، مستەفا پاشای یامولکی، پیرەمێرد، بەدرخانیەکان، ڕەفیق حیلمی، شێخ نوری، توفیق وەهبی...تاد**)، ئەمانە کەموزۆر لەژێر کاریگەری گۆڕانکارییەکانی ڕۆژئاوادا، بەپێی زەمانی خۆیان نوێخواز بوون و هەریەکەیان لەبوارێکی زانستە مرۆییەکاندا، هەوڵی رووناکبیرکردنی کۆمەڵی داوە. لەراستیدا، مێژووی ڕۆشنگەری لەسەر دەستی ئەم ڕۆشنگەرانە لەکوردستاندا دەستپێدەکا. ئەگەرچی پرۆسەی ڕۆشنگەری لەبەر شکستی بەشە سیاسیەکەی و

سەرنەکەوتنی شۆڕشەکانی کوردستان، ئەمیش پەرەینەسەندو نەخەملی. بەلام وەکو سەرەتای پرۆژە لەژێر تەوژمی گۆڕانکاریەکاندا هاتەکایە. بەلکو دوای شکستی راپەڕینەکانی کوردستان بگرە تێك شکانی دەسەلاتەکانی کوردستانیش، نوێخوازی بەشێنەیی تەشەنەی دەسەند. دروست نەبوونی دەولەتی کوردستان ئەو پەرۆشیەی دانەمرکاندەوە کە لەدەرونی رۆشنگەرو نوێخوازانی کوردستاندا هەبوو. بەتایبەتی لەشیعرو پەخشان نوسین و گوتاری سیاسیدا. لەو پۆستکارتەدا کە (میقداد بەدرخان) بۆ دەرکردنی رۆژنامەی کوردستانی بلاوکردۆتەوەو تیایدا دەلێ: (**مەبەستی تێگەیاندنی زانیاری و گیانی خۆشەویستی لەناو رۆلەکانی نەتەوەکەم و هاندانی کوردستان بۆئەوەی رێگەی پێشکەوتن و شارستانیەتی تازە بگرن**)، ئەمە پەیامێکی راشکاوی نوێخوازییە بە چەمکە

فراوانەکـــەی. لـــەدوای شکـــستیش رۆژنامـــەی کوردســـتان دەرکـــراوە. دەرکـــەوت بـــە هۆیـــە راستەقینەکانی شکستو خەباتکردنـە بـۆ ئاینـدە، کورد، لـە تێکشکانی ئیمپراتۆریـەتی (مـاد)ەکانـەوە، هـــــەروا بـــووە. قەوارەکـــــەی روخێنـــــدراوە. بەرەنگاریـــــەکانی دامرکێنـــــدراون. راپـــــەڕینو شۆڕشـەکانی سـەرکوتکراون، بـەڵام لـەناخی خۆیـدا، تەسـلیم نـەبووە: لـەپێش زایـینو لەسـەدەکانی ناوەڕاســـتدا، بەئـــەدەبی فۆلکلـــۆری، کولتـــوری سەرزاری، پاراستنی کەلـەپور، راگرتنـی ترادسیۆن، هۆگری زمانەکەی.. تاد، لەسەدەی پانزەهەمیـشەوە، بەنوســـینی مێـــژوو، شـــیعر، ئـــەدەبیات، پاشـــان رۆژنامەگـــەریو بـــەرە بـــەرەش، خـــەباتی گـــروپو کۆمەڵـــەو حیزبایـــەتی، ئینجـــا ئاســـتو ئاڕاســـتە فراوانەکانی دیکەی رۆشنگەریو روناکبیری.

لـەدوای جـەنگی یەکـەمی جیهـانی، بەرەبـەرە خیتابی نویێ نەشونما دەکا: لەدەرکردنی رۆژنامە، گۆڤـار، پەخـشان، دامـەزرانی رێکخـراو و حیـزب، بەرجەسـتە دەبـێ. ئـەم خیتابـە نوێیانـەش دوای چـەندین شکـستو گۆڕانکـاری خوڵقـاون. بـیری جیـاوازو بیرکردنـەوەی نوێخـوازی جیـاوازیش لـەو چالاکیە روناکبیریانـەدا هـەن. ئـەوەی کـە کۆبەنـدی ئـەو چـالاکییە روناکبیریانەیـە لـەو بارودۆخـەدا، سیمای پێشکەوتنو دەربەستی هـەوڵی ئەقلانییـە. خیتابی ئیسلامی بۆ گێڕانەوەی دەسەلاتی دێرینەی ئیسلامی لەناو ئەو خیتابانـەدا، وەکو بەرنامەیەکی سـەرەکی چـالاکی، هەسـت پێنـاکرێ. سـەرجەم رۆژنامـەو گۆڤـارو رێکخراوەکـان، تەنانـەت بەوانەشـەوە کـە لەسـایەی حـوکمڕانێتی شـێخ مـەحموددا هاتوونەتەکایـە، خیتـابی نوێخوازیـان کردۆتـە بەرنامـەی خۆیـان. (نوێخـوازی نـەك

نوێگـەری)، چـونکە (نوێخـواز) واتـە (تجدیـد) بـەڵام نوێگەری واتە (تحدیث). ئەم دوو چەمکە جیاوازن. نوێگـەری تـەواوی سیـستەمی بیرکردنـەوە بـەئازادی ئـەقڵو جیاکردنـەوەی ئەقڵانیـەتی دونیـایی لـەدینی دەگرێتەوە. بەڵام نوێخوازی بنچینەکانی بیرکردنـەوە سەراپا لەکۆنەوە بۆ نوێ ناگۆڕێ.

لـــەنێوان جـــەنگی یەکـــەمو دووەمـــدا، ئـــەم نوێخوازییـــە لەئـــەدەبو خیتـــابی سیاســـیدا، پەرەیـسەند، بـۆ گرتنەبـەری ڕێگاکـانی فەلـسەفەو ئایدیۆلۆژیـــەت. لـــەحیزبو حیزبایەتیـــدا (لەســـەر ئاسـتی عێـراقو کوردسـتاندا) فەلـسەفەی نوێبـاوی ئــەو ســەردەمە، (مارکــسیزم) بــوو. لەئــەدەبیاتو رونـاکبیریی گشتیـشدا، کۆشـشی نوێگـەری (نـەك نوێخـــوازی) زاڵبـــوو. لەکوردســـتاندا پـــەیڕەوانی کۆمۆنیـستەکانی عێـراق پـەیڕەویان لەفەلـسەفەی مارکسیزمو ئایدیۆلۆژیەتەکـەی دەکـرد. بـەڵام پـێش

ئــەوەی ئــەمان لەکوردســتاندا تەشــەنە بــسەنن، رونــاکبیرو رۆشــنگەرانی کــورد کەوتبونــە چــڕکردنەوەی کۆشــشەکانیان و باشــترکردنی ئاڕاســتەکانیان. گۆڤــاری (گەلاوێــژ) نوێنــەری نوێگەری بابەتیە لەکوردستاندا. پاشان نەک گۆڤارو رۆژنامەکانی دیکە کەوتنە ژێر کاریگەری نوێگەری گەلاوێــژەوە، بــەڵکو خیتــابی سیاســی کوردایــەتش کەوتــە ژێــر کاریگەریەکــەوە. نوێگەریــەکی خوڵقێنەرانە، نەک لاساییکردن، تایبەتمەندیەتیەکی هــەرە جــوانی (گەلاوێــژ) ئەوەیــە بازینــەداوە بەســەر رۆژگــاری خۆیــدا. لاســایی خیتابەفەلــسەفی و ئایدیۆلۆژیەتەکانی نەکردۆتــەوە. میتــۆدی رەخنــەیی خــەیاڵاوی نەگرتۆتەبــەر. بــەزمانێکی زبــرو بەرامبــەر شکێنی نەنوسیووە. بەڵام نەشبۆتە پاشکۆی بیری کــۆن و کۆنخوازەکانیــشی تــەنگ پــێ هەڵــچنیووە. نوێگــەری لــەناو میللــەتێکی بێقــەوارەی دواکــەوتودا،

کردۆتــه پێنــاوی خــۆی. بۆیــه دەبینــی لەهــەموو بارێکــەوە توانیویــەتی گــۆڕان بــەدیبهێنێ: لــەباری زمان و زمانەوانیـەوە، رەخنـەو پەخشانەوە، هـەواڵی نوسین و رەوشـی فکریـەوە، شیعرو چیرۆکی نوێـوە، بیرکردنەوەی سیاسی و سـەربەخۆیی بیرکردنـەوەوە. پێمان وایه (گەلاوێژ)، دوای رۆژنامـەی (کوردستان) دووەمــین پــرۆژەی گــەورەی نەتــەوەی کــوردە. یەکەمیان رۆژنامەو دووەمیان گۆڤار، لـەدوو قۆنـاغی جیـاوازدا، توانیویانـه خیتـابی نوێخـوازی لەرێگـەی رۆژنامــەوەو نوێگــەری لەرێگــەی گۆڤـارەوە، لــەزۆر روەوە بهێننه ناو ئەدەبیات و سیاسەتی کوردی.

گەلاوێـژ، لەبەرئـەوەی خیتابەکـەی، پەیامەکـەی، بیرکردنــەوەو رەوشــەکەی، بابــەتی بــووە. تونــدڕەو نـەبووە، لاسـایی نەکردۆتـەوە. بۆیـه دەبیـنین ژمـارە دوای ژمـــارە دەبێتـــه زمانحـــاڵی دیمـــوکرات و پێــشکەوتنخوازان و تێکــەڵاوی رای گــشتی خــەڵك

بــــەرەو دونيايـــــەكى ئـــــازادو مـــــۆدێرن دەبــــێ، لەبەرامبەريشدا، هاوزەمانى گەلاوێژو دواى ئەوەش گۆڤـــــارو رۆژنامـــــە حيزبيـــــەكان، لەبەرئـــــەوەى لاســـايييكردنەوەى فەلــسەفە باوەكـــان و ئەقڵيــەتى داخـراوى حيزبايـەتى زاڵـدەبێ بەسـەرياندا، نـاتوانن بەقـەد چـارەكێكى گەلاوێـژيش كاريگـەرى نوێگـەرى جێبێڵن. پاشـان (مامۆسـتا برايم ئەحمـەد) خۆشـى دەبــێ بـــەحيزبى و حيزبايـــەتى دەكـــا، گەرچــى بەشـــــێوەيەكى گـــــشتى بەئـــــەقڵێكى فـــــراوانتر لەحيزبـەكانى عێراقـى ئـەو سـەردەمە هەڵدەسوڕێ و دەنوســێ، بـــەڵام هێــشتا ئەركـــە حيزبيـــەكانى واى لێدەخوازن پابەندو هەتا رادەيـەك جيـاواز لەگەلاوێـژ بنوســێ. گەلاوێـــژ وەكـــو گۆڤـــارێكى ســـەربەخۆ، بەشــێوەيەكى گــشتى، فــراوانتر خـــەمى جيهـــانى نوێگـــــەرى دەخـــــوارد. حيـــــزب تايبەتمەنـــــدترو بەئاڕاســـتەيەكى ديـــار، ئـــەو خەمـــە دەخـــوا. واتـــە:

پابەنـــدێتی بەکێـــشەی گەلـــەوە لەگۆڤارێکـــەوە بـــۆ حیزبێـك شێوەو رێگاکـانی دەگـۆڕێ. بـەڵام لـەرووی ســتراتیژیەوە، بەشــێوەیەکی گــشتی، لــەناو یــەك نـاوەرۆکی پێـشکەوتنی نوێگەریـدا، یەکدەگرنـەوە. گەرچـی لەهەنـدێ روشـەوە، نـاکۆکن. ململانێـشیان هەیــە. جیــاوازیش بیردەکەنــەوە. رەخنــەگرتنیش دەبێتە زمانی دیالۆگیان.

## 5-1 تێکەڵکردنی فەلسەفەو سیاسەت

لەشەستەکان بەدواوە، زمانی فەلسەفەو ئەقڵانیەتی فەلسەفیی، هەر لەناو خەباتی رزگاریخوازی کوردایەتیدا، وەك ڕێگای رزگاری، نەك وەکو پێویستیەکی ئەبستمۆلۆژی، یان ڕۆشنگەری، برەوی هەبووە. ئەمە لەکاتێکدا، لەسەردەمی ڕێنسانس و دوای ئەوەش، تەنانەت لەکۆنیشەوە، خیتابی فەلسەفە کوت ومت خیتابی سیاسەت، یان خوازراو بۆ سیاسەت نەبووە. بەڵکو وەکو پێویستیەکی لەدایکبوی ژانەکانی دۆزینەوەی راستیەکان و حوکمە زانستیەکانی ئەقڵ، فەلسەفە وەکو فەلسەفە گەڵاڵەکراوە. بەڵام لەناو گەلانی وەکو کورددا فەلسەفە زۆرتر ئاقاری سیاسی هەبووە، نەك ئەبستمۆلۆژی. تەنانەت لەروی ئەقڵانیشەوە کە ئەقڵانیەت زادەی حیکمەتە زانستیەکانی فەلسەفەیە، لەناو کورددا، هەر لەژێر کاریگەری

خیتابێکی ئاوێتەکراوی (سیاسەت – فەلسەفە)وە، بووە. کە سیاسەت، زیاتر لەفەلسەفە، بایەخی هەبووە. چونکە فەلسەفە وەکو کایەیەکی سەربەخۆ کاری لەسەرنەکراوە، بەڵکو وەکو موتوربەکردنێك بۆ سیاسەتی رزگاری پەنای بۆ براوە. هەربۆیە، رووی هاوبەشی فەلسەفەو سیاسەت، یان سیاسەتو فەلسەفە، لەپەیڕەولێکردنی فەلسەفەی سیاسیدا، زاڵە. بەڵام کایەکانی دیکەی فەلسەفە، کایەی ئەقڵانی، عیلمانی، لۆژیك، دۆزینەوەی راستیەکان، هونەر، ویژدانی، دەرونی، دژایەتی لاهوتیەت، کایە دینیو دونیاییەکان..تاد، لاوازن. ئەمەش جگە لەوەی هۆی بابەتی هەیە. بەدەریش نییە لەکەمتەرخەمی خۆیی. لە قوڵ تێنەگەیشتن لەئەرکەکانی فەلسەفە. لەمبارەوە، پێم وایە، گەر سیاسەتی لاساییکردنەوەی مارکسیزم لەعێراقو کوردستاندا، وەکو فەلسەفەیەکی ئامادەی خوازراو

لــەئۆروپاوە، بەشــێوەیەکی گــشتیو بەکــەمترین مــشتومالکردن، پەیڕەونەکرایــە، لەبەرامبەریــشدا، حیزبو لایەنەکانی دیکە بە کارو کاردانەوە، لەباری ســەلماندنو لــەباری بەرپەرچدانەوەشــدا، کاریــان لەناو کایە فەلسەفیەکاندا نەکردایە، رەنگبوو ئاقاری ئەقلانی باشتری فەلسەفە بگیرایەتەبەرو فەلسەفەو سیاســەتیش بــەو چەشــنە ئاوێتــە نــەکرابان کــە کەمترین سنوری لۆژیکی جیاوازیـان رەچاو بکرێ.
ئەمــە لەکاتێکــدا جیاوازییــە لۆژیکیــەکانی کایــە فەلــسەفیەکانو گەمــەکانی سیاســەت، زۆر زۆرن. سیاســەت کــە پــڕە لــەدونیای بەرژەوەنــدیو کــەیلی خۆیایــەتی لــەکوێ و، فەلــسەفەش کــە پەیبردنــە بەراستیەکانو بەدرۆخستنەوەی درۆکانە، لەکوێ؟!
ئەگــەر ســەیری مێــژووی فەلــسەفەش بکــەین، هــەموو ئــەو فەیلەســوفانەی ســنورە جیاوازەکــانی فەلــسەفەو سیاســەتیان ورد رەچــاو کردبــێ، باشــتر

توانیویانــه بنــچینەو چــەمکەکانی فەلــسەفەکانیان ساغبکەنەوە. بەڵام بەپێچەوانەشەوە، کە فەلسەفەو سیاســەت ئاوێتــەکرابێ، لـــەنگی لـــەجیهانبینی فەلسەفەدا، هەست پێدەکرێ. دیارە لەم بۆچونەدا مەبەست ئەوە نییە فەلسەفەو سیاسەت لێکدابپڕین. نەخێر، مەبەستەکە ئەوەیە فەلسەفە سنوری لۆژیکی فەلــسەفێندراوی هەیــەو سیاســەتیش ســنوری سیاسەتی فراوانو لێکدانەوەی تاکتیکی چینایەتی جۆراوجۆری هەیە، کە زۆر جار بۆ یەك هەڵوێست، چەندین لێکدانەوە هەڵدەگرێ. بەڵام لەفەلسەفەدا وا نییە.

زۆر نەڕۆین، دیقەتی مارکسو ئینجلس بدەین. لەگــەڵ کەڵــە فەیلەســوفەکانی زەمــانی خۆیانــدا، بەراوردیان بکەین، مارکسو ئینجلس، کە دێتە سەر مەســەلە فەلسەفیەکان، ئێستاش بەهایــەکی هــەرە گــەورەی فەلسەفە، لەفەلسەفەی ئەواندا لەســەدەی

**نۆزدەهەمــدا کۆبۆتــەوە. بــەڵام کــە لەهەرشــوێنێك خیتــابی سیاســی زاڵدەکرێتــە ســەر خیتــابی فەلسەفەیان، ئیدی هەڵوێستەیەك خوێنەری وشیار دادەگرێ. مارکسی فەیلەسوف و مارکسی سیاسی، لەتەراوزی ژێریدا، هاوتانین. پێش ئەوانیش، هیگڵ، هیگڵی فەیلەسوف، بەراستی فەیلەسوفێکی زۆر هەڵکەوتووە. بەڵام کە دێتە سەر سیاسەت و بیروڕاکانی بەرامبەر تاك و دەسەڵاتداریتی، مشتومڕ زۆر هەڵدەگرێ. کەچی دەبینین (کانت و دیکارت) پێشترو لەو سەروبەندەدا، چونکە خیتابی فەلسەفە زاڵە بەسەر رووبەری ئەندێشەیاندا، ئێستاش لەسەر گەوهەری فەلسەفە، مایەی مشتومڕێکی قوڵن. نیتشەش، هەروا، بریا باسی سیاسەت و دیموکراسیەتی هەر نەکردبا، باسی ژن و دەسەڵاتدارو سۆپەرمانی هەر نەکردبا، کە**

کردویــــەتی زۆر لـــە بـــەها فەلـــسەفیەکانی خـــۆی دابەزاندووە.

پەیوەنـدی فەلـسەفەو سیاسـەت، پەیوەندیەکـە هەتا بەوردی لێی بکۆڵرێتەوە کەمە. پەیوەندیەکە نـە فەیلەسوف دەتوانـێ تایبەتمەنـدێتی فەلسەفە وەکو بیرێکـی قـوڵ، زۆر قـوڵتر لەسیاسـەت نـەپارێزێ‌و نـە سیاســیش دەتوانــێ، سیاســەت وەکــو مەســەلە فەلــسەفیەکان ســەیر بکــا. فەیلەســوف‌و فەلــسەفە تیـژبیرترین‌و فـراوانترین بـواری زانـستە مرۆییەکانـە بۆ لێکدانـەوەی دیـاردەو کێـشە هـەرە بنەڕەتیـەکانی ژیان‌و کۆمـەڵ. فەلسەفە، بیرێك نییـە تـەنها (ئێـستا) لێکبداتــەوە، بــەڵکو زۆرتــر دووربینــی‌و پێــشبینی رووداوەکانی (ئایندە) دەکا. بەڵام سیاسیەکان زۆرتـر دەرگـیری کێـشە راستەوخۆکان‌و دانـانی سـتراتیژی قۆنــاغ‌و تــاکتیکی ناوبــەناون. ســەرقاڵی ئــەرکی

پراکتیکـــی و پاراســـتنی بەرژەوەنـــدی و نـــاکۆکی و ململانێکانن.

وەکـــو لەجیهانـــدا، لـــەناو فەیلەســـوفە هـــەرە گەورەکانـــدا، تێکەڵەیـــەکی زیانبـــەخش لـــەنێوان سنورەکانی فەلسەفەو بەرژەوەندیەکانی سیاسەتدا هـــەبوەو هەیـــە، لەکوردســـتاندا نـــەك هـــەر سیاســـەتمەدار، بـــەڵکو روناکبیرەکـــانیش کـــەمو زۆر خۆیـــان لەفەلـــسەفە دابـــڕ، ســـنورە لۆژیکیـــەکانی فەلسەفەو سیاسەتیان نەپاراستووە. پاشـان وەکـو هـــەوێنی بەڵگەنەویـــستی، فەلـــسەفەیان لـــەبواری سیاسەتیـــشدا، ســـودلێوەرنەگرتووە. هەربۆیـــە ئێـــستاکە مـــشتومالّی ئـــەو کۆشـــشە فەلـــسەفیانە دەکـــەین کـــە لەکوردســـتاندا پـــەیڕەوکراون، دژوارە فەلـــسەفەو سیاســـەت یەکالاّبکەینـــەوە. بـــەڵکو سیاسەت زاڵکراوەتە سەر فەلسەفەش.

## 6-1 رۆژهەڵات و فەلسەفەی نوێی رۆژئاوا

سەیر ئەوەیە، کاتێك لەرۆژهەڵاتدا، ئاشنایەتی فراوان لەگەڵ فەلسەفەدا پەیداکرا، فەلسەفەی کلاسیکی لەرۆژئاوادا ئیدی ئاوا دەبوو، فەلسەفەی نوێ سەرهەڵدەدا. بەتایبەتی میللەتەکەی ئێمە هاوزەمانی سەرهەڵدانی فەلسەفەی نوێی رۆژئاوا کەوتە ناو دونیای فەلسەفەوە. ئەویش لەرێی حیزبایەتیەوە، نەك لەرێی فێرگە زانستیە سەربەخۆکانی فەلسەفەوە.

کە دەشگوترێ فەلسەفەی نوێی رۆژئاوا، رێك لەزەمانی جەنگی دووەم بەدواوە باسدەکرێ. چونکە پێش ئەوە بە سێ سەدەش، فەلسەفەی کلاسیك و فەلسەفەکانی سەردەمی رۆشنگەری، کە هەموو دەستکەوتە ئەقلانیەکانی هێنابووەدی، لەرۆژئاوادا وەکو دڵنیاییەکی باوەڕی کۆتاییهاتنی بەربەریەت و سەدەکانی ناوەڕاست و دڕندەیی مرۆڤ بەرامبەر

مـرۆڤ، بەشـێوەیەکی گشتی لـەناو رونـاکبیران و رای گشتیدا، چەسپاندبوو. بـەڵام جەنگـەکانی یەکـەم و دووەم و بـــاقی کوشـــتارگەکانی ســـەردەمی ئیمپریـــالیزم، دروســـتبونی فاشـــیزم و نـــازیزم، چەوســـاندنەوە هەمەچەشـــنەکانی ســـەرمایەداری، ئەمانەو هی دیکە تێکرا، لەجەنگی دووەم بەدواوە، لـەزەمان و زەمینەیـەکی دیکـەی بیرکردنـەوەو ژیـانی کۆمەڵایەتیـــدا، کاردانەوەیـــەکی قـــوڵی بەرامبـــەر دڵنیـابونی دەسـتکەوتە فەلـسەفیەکانی سـەدەکانی رۆشـــنگەری لـــەناو ئەندێـــشمەندو روناکبیرانـــدا خوڵقاندو سەرلەنوێ، بە شێوەو نـاوەرۆکێکی نـوێ، تــەواوی ئـەو وەڵامانــەی فەلـسەفەکانی رۆشـنگەری گەڵاڵـــەی زانـــستیانەیان کردبـــوون، توێژرانـــەوەو جۆرەها پرسیاری فەلسەفیی پێشتر باسنەکراویش، قـوت کرانـەوە. بـەحوکمی ئـەوەی کارەسـاتەکانیش جیهـانگیربون و بەشــەریەت دەیـان ملیـۆن قوربـانی

بەخــشیبوو، شارســتانیەتی نــوێی ســەرمایەداری دوچــاری کاولکــاری کرابــوو، بۆیــە، هــەموو ئــەو ڕەخنانــەی لــەو فەلـسەفانەی دڵنیـایی هەمیـشەییان لەســەردەمی ڕۆشــنگەریدا بەخــشیبووە مرۆڤایــەتی، لەناوەندی روناکبیران و کۆمەڵە پێشکەوتووە جەنگ زەدەکاندا، گوێیان لێدەگیرا. کاریگەریان دەبوو. هەر پرسیارێکی نوێش لەو هەلومەرجەدا دەکرا، خەڵکی دەخــستە ســەر هەســت و بەشــێك لەخەڵکیــشی دەخستە سـەر ڕێبـازی فەلـسەفیی نـوێ. لـەناو ئـەو زەمانەیـەداو لەسـەر ئـەو زەمینـە ئـابوری، سیاسـی، کۆمەڵایەتی، ئایدیۆلۆژیو شەڕەنگێزیەدا، فەلسەفە نوێکـانی ڕۆژئـاوا، وەکـو کاردانـەوەی ڕاچڵەکینێکی ئەبــستمۆلۆژی هاتنــە ئــارا. بەرەنجامەکەشــی، لەئەڵمانیادا فێرگـەی فەلسەفەی فرانکفۆرت خوڵقا، لەفەرەنـسادا بونیادگــەری نەشــونمای کــرد، دوای ئەمــەش دوای بونیادگــەری، پاشــانیش لق وپــۆپی

فەلسەفەی دیکەیان لێکەوتەوەو گەیەندرایە پۆست مۆدێرنێتەش.

بیرو فەلسەفەش کاتێك لەبەرامبەر رووداودا، لەبەرامبەر کارەساتدا، لەبەرامبەر کێشەی جیهانگیریدا، رادەچڵەکێ و لەدڵەڕاوکێیەکی ئەندێشەوە، بەکاردانەوە دەهێنرێتە مەیدان، بێگومان بیرو فەلسەفەی ئاوا هەر دەتوانێ لەناو بازنەی مەودای کارەسات و رووداوەکاندا ببزوێ و کاریگەربێ، کاتێك بازنەی مەوداکانی کارەسات و رووداوەکان بەرە بەرە تەسك دەبنەوە، ئیدی لۆژیکی کاردانەوە فەلسەفیەکانیش لاواز دەبن. هەربۆیە لەهەشتاکانەوە، کاتێك رۆژئاوا دیسان بەدەستکەوتەکانی ئەقڵانیەت، مۆدێرنێتە، تەکنەلۆژیا، دیموکراسی، ئازادی، و دەسەڵاتە مەدەنییە پەرەپێدراوەکان دەتوانێ نەك لەناوخۆیدا، بەڵکو لەدەرەوەی خۆشیدا، چالاك بێتەوە، بینیمان

فەلسەفەکانی کاردانەوەو ئەندێشە راچڵەکیوەکان پاشەکشە دەکەن. بەتایبەتی دوای روداوەکانی ئۆروپای رۆژهەلاتو روخانی دیواری بەرلینو بوژانەوەی گیانی دیموکراسیو مەدەنیەتخوازی.

بونیادگەری، دوای بونیادگەری، پۆست مۆدێرنێتە، تەفکیکیەتو هێرمۆنتیك.. وەکو سوریالیزمو دادایزمی دوای جەنگی یەکەم، کە چونە مۆزەخانەی روناکبیریەوە، ئەمانیش چوونە مۆزەخانەی فەلسەفیەوە، ئەمجارەش، رۆژئاوا، توانی ببێتە جێگای فەلسەفەی نوێو فەلسەفە نوێکانیش ببنە هۆکاری لەدایکبونی فەلسەفەی دیکە.

مێژووی فەلسەفە، مێژووی سەرهەڵدانو ئاوابونی فەلسەفەکانە. هیچ فەلسەفەیەك لەسەردەمی شارستانیەتی گریکەکانەوە هەتا سەردەمی فەلسەفە هەرە نوێکان، نەیتوانیووە ببێتە

شاسـواری هەمیـشەیی مەیـدانی فەلـسەفە. چـونکە ژیـــان لەبۆتـــەی فـــەزای فەلـــسەفەیەکدا قـــەتیس نامێنێتـەوە. کـە ژیـانو ژیـانی کۆمەڵایـەتی بگـۆڕێ، ناشـــێ فەلـــسەفەو بیرکردنـــەوە نـــەگۆڕێ. گـــۆڕانی ســـــەراپاییش. گـــــۆڕان لەفەلـــــسەفەیەکەوە بـــــۆ فەلسەفەیەکی دیکە.

ئەگــەر بــەو حــوکمو رەخنــە توندانــە بــێ کــە لەفێرگـەی فرانکفۆرتـەوە بەتایبـەتی لەسـەر دەسـتی هۆرکهایمــەر (1895–1973)و ئۆدۆرنــۆ (1903–1969) لەمۆدێرنێتـەو رۆشـنگەری دەگـیرا، بـەپێی پێـــشبینی فەیلەســـوفەکانی ئـــەم فێرگەیـــە کـــە پێیـانوابوو دەتـوانن فەلـسەفەیەکی نـوێ بـۆ کۆمەڵـە پیـــشەسازییەکانو رزگـــارکردنی کۆمـــەڵو مـــرۆڤ لەحوکمــەکانی تــەکنوکراتیو فەلــسەفە باوەکــانی رۆژئـاوا گەڵاڵـە بکـەن. کەچـی نـەك ئەمـەیان پـێ نەچووەســـەر، بـــەڵکو لەگەرمـــەی ئـــەم باســـانەدا،

فاشـــیەتو نازیـــەت کوشـــندەترین جەزرەبـــە لەشارســـــتانیەتی نـــــویێ دەدەن. تەنانـــــەت ئەندێـــشمەندەکانی فێرگـــەی فرانکفـــۆرت خۆیـــان پاشەکشەیان لـەتیژەکانیان کـردو هـەتا رادەیـەکیش حوکمــەکانی تەکنــەلۆژیا و ئــابوری پیــشەسازییان بەناچـاری سـەلماند. ئـەم ئەندێـشمەندانە دوچـاری دڵەراوکێیـەکی فەلـسەفیی نائومێدبـەخش سـەبارەت بەکۆمــەڵی پیــشەسازیو حوکمــە تەکنوکراتــەکانی هاتنو لەدوا سەرەنجامدا نائومێدانە پێیانوابووە کـە بواری سەرفرازیو ئازادی لـەم کۆمەڵـە پیـشەسازییە نییـە. بگـرە پێیـانوابووە کـە مـرۆڤ دەکرێتـە (ئـامێر)، واتـە: **مـرۆڤ دەبێتـە بەشـێکی شـەتەکدراوی ئـامێر. مرۆڤ دەبێتە کالا، هیچی دیکە.**

بــەڵام.. هۆرکهایمــەرو ئۆدرنــۆ نــەیانتوانی بــەو بیروڕایانـەیان، رەوتـی فەلـسەفە رابگـرنو دوا حـوکم لەسەر کۆمەڵـە پیشەسازییەکان بدەن. دوای ئـەمان،

هــەر لەفێرگــەی فرانکفـۆرت دا (یـورگین هابرمــاس) سەرهەڵدێنێ کە بەرەخنەلێگرتنی کەموکوڕی، هەڵە، خەوشە گەورەو گچکەکانی مۆدێرنێتە، ئەقلانیـەت و ڕۆشنگەری، گیانی بە گوڕی فەلسەفە ئەقلانیـەکان و جوانیەکانی مۆدێرنێتە دەژێنێتەوە. ئەمە لەکاتێکدا هابرماس یارمەتیدەری ئۆدورنۆی مامۆستای بووە.

هابرمــاس.. تێــزی کــاری درێژەپێــدان، یــان ئەقلانیەتی بەردەوام پێشکەش دەکاو دەیسەلمێنێ کــە لەرێگــەی مــشتومڕ، رەخنــەو مــشتومالکردنی ئەندێــشەکان، دیاردەکــان، لەرێگـــەی دادوەرییـــە ئەقلانیەکانــەوە، دەتــوانرێ دینامیکییــەتی ئــەقڵ و بەردەوامی بەخششەکانی ئەقلانیەت بۆ پێشکەوتن و ڕۆشنگەری پەرەپێبدرێ. نەك خامۆش بکرێ.

فەلـسەفە، نــە ئەوسـاو نــە ئێـستاش، نـەیتوانی راستییە بابەتیـەکان بگۆڕێ. بـەلام توانیویـەتی کـار بکاتــە ســەر رەوش و رەوتـــی روداوەکــان. لــەدوا

سەرەنجامیشدا، هەر راستییە بابەتییەکان، هەر لۆژیكو ئەرکە چارەنوسسازەکانی قۆناغەکانی گەلان، کۆمەڵەکانو تاکەکان، توانیویانە باڵادەست بن.

ئێمەش.. گەلێکین، لەدێر زەمانەوە، لەدورەوە، یان هەندێ جاریش لەنزیکەوە، گوێمان لەدەنگی فەلسەفەکان بووە. گوتارە فەلسەفیەکانمان وەرگێڕاوە. کارمان پێکردووە. کەمێکیش خۆمان لەقەرەی کورتە باسی فەلسەفەو سوکە لێکدانەوەی، داوە. بەڵام ئەوەتەی هەین، نە خۆمان فەیلەسوفو فەلسەفەیەکی نوێمان داهێناوە، نە توانیویشمانە رەهەندە جیاوازەکانی فەلسەفە جێبکەینەوە. نە دیالۆگی دیموکراسی نێوان فەلسەفەکانمان پەیڕەوکردووە. ئەوەتەی هەین، لەسەدەکانی ناوەڕاستەوە هەتا هەنوکە، تەنها لەلاساییکردنەوەی

فەلسەفەکان و کوت ومت پەیڕەوکردنی ڕێبازەکانیان، بەپیر فەلسەفەوە چوین.

لەهەر قۆناغێکدا، فەلسەفەیەکی باومان پەیڕەوکردبێ، بەشێوەیەکی گشتی لەروانگەی سیاسەتەوە مامەڵەمان لەگەڵ کردووە. خستومانەتە خزمەتی سیاسەتی ئاینی یان دونیاییەوە. یاوەکو، بەپەرش و بڵاوی، لەبەرامبەر فەلسەفەی باودا، ڕەوشی فەلسەفیی جیاوازمان هێناوە و دژایەتی سیاسەتمان پێکردووە. یاخود لەبەرامبەر فەلسەفەی سیاسەتدا، کێبەرکێمان پێکردووە. ئەنرژی ئەقڵانی پرۆژەی فەلسەفیمان لا نەخوڵقاوە.

هێشتا، لەبەرئەوەی کانگاکانی بەرهەمهێنانی پرۆژە گەورەکان، ئەقڵە کاریگەرەکان، لەکوردەواریدا لاوازن، بۆیە، هێشتا جیهانبینی فەلسەفیی سەربەخۆ لەکوردستاندا، پێنەگەیشتووە. یان فەلسەفەو سیاسەت و ئاین تێکەڵاو کراون، یاوەکو

بــه ڕێــچکەی فەلــسەفەی بەرامبــەرگرتن، دژایــەتی سیاسـەت دەکـرێ، سـنورە جیاوازەکـانی فەلـسەفەو سیاسەت، ئەرکە تایبەتیەکانی فەلسەفەو سیاسەت، ئەرکە ناوکۆییەکانی فەلسەفەو سیاسـەت لای ئێمـە، لەســەر بنەمایــەکی زانــستی ســەلمێنەر، یــەکالای ئەبستمۆلۆژی نەکراون. ئەمە لەکاتێکدا، لەرۆژئاوای زایگـای فەلـسەفەدا، فەلـسەفە وەکـو بەشـێکی هـەرە گرنگـی زانـستە مرۆییـە زانـستییەکان، سـەربەخۆ، بایــەخێکی زۆر فراوانــی پــێدەدرێ. ئــەو تێکــەڵو پێکەڵییـەی سـنوری فەلـسەفەو سـنورەکانی دیکـەی زانـــستە مرۆییـــەکان زۆر کەمبۆتـــەوە. هەربۆیـــە لــەرۆژئاوادا فەیلەسـوفو شـارەزای فەلـسەفەی زۆر پێدەگــەن. لای ئێمــەش، نــەك فەیلەسـوف پێناگـا، بەڵکو لەفەلسەفەش کەم تێدەگـەین. هـەتا ئێستاش، هێنـدەی لەکوردسـتاندا فەلـسەفەکان تێکـدراوە، نـە خزمـەتی فەلـسەفەکان کـراوەو نـە بەفەلـسەفەکانیش

خزمـــەتی ئەرکـــەکانی مۆدێرنێتـــە، ئـــازادی ئـــەقڵ، دژایـــــەتی کۆنەپەرســـــتی، سەربەســـــتی ژن، دیموکراسـی، دیـالۆگی رونـاکبیریی، دەسـەڵاتەکانی تاك، ئەرکـەکانی علمانیـەت، مەدەنیـەت، ئەقڵانیـەت، بەپێی پێویستو رادەی پێشکەوتنیشمان، نەکراوە. چ جای بۆ زیاترا!

ئێستا، لەسـەردەمێکی تـەواو جیـاوازین لەچـاو سـەردەمەکانی رابـوردوو، لەسـەردمێکداین لەهـەموو بـارو بوارێکـــەوە دەتـــوانین ســـود لەدەســـتکەوتە فەلـسەفیو ئەبـستمۆلۆژیەکانی رۆژئـاوا وەربگـرین، جێـی خۆیـەتی بپرسـین: ئایـە، لـەم سـەردەمە هـەرە پێـــشکەوتوەشدا، کـــورد دەتوانـــێ لـــەکوردەواری، لەکەناڵـــەکانی زانـــستی، لەزەمینـــەکانی زانـــستە مرۆییـــەکانی خـــۆی دڵنیابـــێو بەدڵنیاییـــەوە، دەرگاکـانی گواسـتنەوەی فەلـسەفەو ئەندێـشەکان بکاتـــەوە؟ پـــێش ئـــەوەی بڕیـــاری گواســـتنەوەی

فەلسەفەکان بدەین، هەقە وەڵامی ئەو پرسیارەمان ئامادەکردبێ. بەبێ ئامادەکردنی ئەو وەڵامە، بڕیاری کردنەوەی دەرگاکان بەبێ بەرنامە، بەبێ لێکدانەوە، بۆ بەلێشاو گواستنەوەی فەلسەفەکان دوچاری هەمان ئەو هەڵدێرە دەبین کە خودی رۆژئاوا وەکو زایگای فەلسەفە نوێکان دوچاری بوون.

کاتێك رۆژئاوا، لەدوای جەنگی دووەمی جیهان، لەبەرامبەر کارەساتەکان و دیاردە دزێوەکانی نازیزم و فاشیزم، لەناخەوە راچڵەکین و بەکاردەنەوەیەکی توند، لەئەڵمانیا و فەرەنسادا، رەخنە توندەکانی فێرگەی فرانکفۆرت و فۆکۆ ی بونیادگەریان داهێنا و پاشان پۆستمۆدێرنێتەشیان خستە سەری، بەرە بەرە کە مەوداکانی کاردانەوەی فەلسەفیی لەبەردەمیاندا هەتا دەهات تەسك دەبویەوە، وردە وردە باوەڕبەخۆبوون لەناو کۆمەڵە

رۆژئاواییەکانــدا بوژایــەوە، بەتایبــەتی لــەدوای هەرەســی ئۆروپــای رۆژهــەڵات، ئیــدی خیتــابی فەلسەفەی کاردانەوە پاشەکشەی پێکرا، سەرلەنوێ خیتــابی ئــەقڵانی رۆشــنگەری هــاودەم ژیایــەوەو دەرکەوت (هابرماس) راستی کردوە، نەك (فۆکۆ)و (بودریار)و (لیوتار).

کــوردیش. کاتێــك دەرگــاو پەنجــەرەکانی گواستنەوە، یان سودلێوەرگرتنی فەلسەفە نوێکانی رۆژئاوای بۆ ئاوەڵابووە، هەم لەسەر ئاستی جیهانو هەم لەسەر ئاستی ناوخۆدا، دوچاری دوو چەشن کاردانەوە بووە، کاردانەوەیەکیان بەرامبەر هەرەسی فەلــسەفەی ئۆروپــای رۆژهــەڵاتو کاردانەوەکــەی دیکەشیان، بەرامبەر هەرەسی هێزە سیاسیەکانی شۆڕشی نوێ لەئەنفالەکاندا. ئەم دوو کاردانەوەیە، سەبارەت بەفەلسەفەی نوێ (چونکە کاردانەوەی ئیسلامگەرایش هەیە) لەســەردەمی ئەنفالەکانــەوە

ڕەنگی جۆراوجۆری سەرەتاییان دایەوە. لەدوای ڕاپەڕیندا، زیاتر برەویان پێدرا. هەتا ئێستاش ئاڕاستەیەکیان کە ئاڕاستەی پۆستمۆدێرنێتەیە (دوای تێپەڕین لەبونیادگەری)، درێژەی هەیە. لەپاڵ ئەم ئاڕاستەیەشدا، کۆششکۆکەی دیکەی شیکردنەوەی دەرونی، شیکارکاری، تەنانەت هەوڵۆکەی سوریالیزمیش، هەیە.

پێمانوایە ئەم ڕێبازانە، لەبەرامبەر هێمنبونەوەی دۆخی سیاسیو ڕاپەڕاندنی ئەرکە دیموکراسیەکانو سەقامگیربونی باری کۆمەڵایەتیدا، مەودای چالاکیان تەنگترو ڕادەی کاریگەریان کەمترو کزتریش دەبێ. چونکە لەبنەچەدا لەسەر بنەمای کاردانەوە گوێزراونەتەوە. زەمینەی زانستیان، بواری ئەبستمۆلۆژیان، کەناڵەکانی ڕەخنەیان، کایەکانی زانستەکانی تەکنەلۆژیان، لەبارنەبوون. هەربۆیە دەبێ بگەڕێتەوە

سەر ڕێچکە بابەتیەکانی گۆڕان و گۆڕانکاری. دەبێ رابوردوو لەگەڵ هەموو ئەوانەی ئەقلانی و پەیڕەوکەری فەلسەفی دانراوون (الفلسفة الوضعية)، بپشکننەوەو مێژوو زانستیانە شەنوکەو بکەن. لەچوارچێوەی گشتی راپەڕاندنی ئەرکە رۆشنگەریەکاندا، سەرقاڵی گۆڕینی هەموو بارێکی کوردەواری بن، دوای بڕینی قۆناغەکانی پەرەسەندنی کۆمەڵ و ئازادی ئەقڵ و چەسپاندنی سیستەمی ئەقلانی، ئەمیش نەك بەلاساییکردنەوەی رۆژئاوا، بەڵکو داهێنانی خوڵقێنەرانەی خودی ژیانی خۆمان، ئینجا دەشێ دڵنیابین لەئاستی پێشکەوتنمان و ئاراستەی فەلسەفیمان. هەنگینێ دەتوانین فریای فەلسەفە نوێباوەکانی ئایندە بکەوین، کە بێگومانین لەداهاتوودا، جۆرەها فەلسەفەی نوێباوی دیکە دادەهێنرێن. هەڵبەتە لەداهاتوودا، کە پێشیشدەکەوین، کە

**وەردەچەرخێین، دیسان پێویستە لەئێستاوە، وریای لاسـاییکردنەوە بـین. چـونکە دوای سـەدان سـاڵی دیکـەی پێشکەوتن، ژیـانی گـەلان وایـان لـێنایەت، کوتومــت فەلــسەفەکان بگوێزینــەوە. لاســایی فەلسەفەکان وەکو یەك بکەینەوە.**

# زنجیرەی هۆشیاری

| ژ. | ژ. هۆشیاری | بڵاوکراوەکان | نووسەرو وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| 345 | 1 | کوردەکـــان و مـــافی چارەی خۆنووسین | ن. ئیسماعیل بێشکچی و. ڕەوا حاجی | 2010 |
| 346 | 2 | سیـــستمی سیاســـی سویسرا | خەلیل عەبدوڵلا | 2010 |
| 347 | 3 | ئـــایین و دەوڵـــەت لەمیـسری سـەردەمی محەمەد عەلی پاشادا | فەرید ئەسەسەرد | 2010 |
| 350 | 4 | ناوچـە جێناکۆکـەکان، ئاینـــدەو ئاســـۆکانی چارەسەر | تەحسین نامیق | 2010 |
| 351 | 5 | بەعــــــرەبکردن و بەجولەکەکردن | فەرید ئەسەسەرد | 2010 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 2010 | ن. عەبدولڕەحمان مونيف<br>و. عوسمان حەسەن شاكر | ئايين و ئازادى بيروڕا | 6 | 352 |
| 2010 | ن. ئێرنست ڕينان<br>و. كاميل محمد قەرەداغى | نەتەوە چييە...؟ | 7 | 253 |
| 2010 | ئامادەكردنى<br>عادل عەلى | پەرلەمان سەرهەڵدان و پێكهاتەو ئەركەكانى | 8 | 358 |
| 2010 | د. شورش حسن عمر | الحصانة البرلمانية في قانون انتخاب برلمان كوردستان العراق ومشروع دستور اقليم كردستان | 9 | 359 |
| 2010 | مستەفا مەلەكيان<br>و. لەعەرەبيەوە ياسين عومەر | ئايين و مۆديرنە | 10 | 360 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 361 | 11 | المـــدارس الـــسياسية الثلاثـــاء في العـــراق و امكانيـــة التعـــايش السلمي فيما بينها | فريد اسسرد | 2010 |
| 365 | 12 | پێگـــــەی میـــــدیا لەهەڵبـــــــژاردنی ســـــــەرۆکایەتی ئەمریکادا | ڕێبین حەسەن | 2011 |
| 366 | 13 | مميـــــزات النظـــــام الفدرالي | د. شورش حسن | 2011 |
| 367 | 14 | جیهانگیری ، فاکتـەرو گرفتـــــــــەکانی دیموکراسی | مەلا بەختیار | 2011 |
| 368 | 15 | پەیـــــــــدابوونی عەلمانیەت | فرید ئەسەسەرد | 2011 |
| 369 | 16 | ئیـــسلامو مۆدێرنـــە، ئیـــسلام لەبـــەردەم ئەگەری عەلمانیەتدا | ن. محمد ڕەزا شالگونی<br>و. عوسمان حەسەن شاکر | 2011 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 2011 | د. نوری تاڵەبانی | سیاسەتی رووخساری نەتەوەیی کەرکوك | 17 | 378 |
| 2011 | ن. مایکڵ لیزنبێرگ و. کارزان محەمەد | ئـەنفال لەکوردستـانی عیراق | 18 | 379 |
| 2011 | بەختیار جەبار شاوەیس | ئۆپۆزسیۆن لەچەمکەوە بۆ ئەرك | 19 | 380 |
| 2011 | عابد خالد رەسول | بەشداریکردنی سیاسی | 20 | 381 |
| 2011 | ن. عەبدوڵڵا عەنزی و. سەردار عبدالکریم | سیستمی فیدراڵ لەدەوڵەتی ئیماراتدا | 21 | 382 |
| 2011 | خەلیل عەبدوڵڵا | کوردو پرسی دانپێدانانی دەستووری | 22 | 383 |
| 2011 | عادل عەلی | تیرۆریزم هەڕەشەو مەترسیەکانی | 23 | 284 |
| 2011 | ن: ئاستین کلاین و. کاوسێن بابەکر | سیکۆلاریزم بەزمانی سادە – عەلمانیەت | 24 | 387 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 395 | 25 | مـــۆدێلی حزبایـــەتی لەکوردستان | ئەنوەر حسێن بازگر | 2011 |
| 396 | 26 | فلـــسفة الديمقراطيـــة الاجتماعية | د. حميد عزيز<br>ترجمة: محسن بني ويس | 2011 |
| 397 | 27 | دەوڵەتشاری دێرین | ن. مۆریس باریبە<br>و. عوسمان حەسەن شاکر | 2011 |
| 398 | 28 | ئاینو سیاسەت | ن. نینیان سمارت<br>و. یاسین عومەر | 2011 |
| 399 | 29 | بەجینۆسایدناســـینی ئەنفال | ن. خەلیل عەبدوڵڵا | 2011 |
| 400 | 30 | جیۆپۆلـــــــەتیکی کوردستان | فەرید ئەسەسەرد | 2011 |
| 401 | 31 | دیموکراســـــــیو بنــــــــەماکانی گەشەپێدانی سیاسی | د. حەمید حسین کازم<br>و. عادل عەلی | 2011 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 409 | 32 | پۆلێن کردنی هەڵوێستەکان پێش پرۆسەی هەڵبژاردنو دەنگدان | نیاز سەعید عەلی | 2011 |
| 413 | 33 | النضال الدستوري للاستاذ ابراهيم احمد في العراق الجمهوري | د. شورش حسن عمر | 2011 |
| 414 | 34 | کوردو تورکمان – تێڕوانینێک بۆ میکانیزمەکانی پێکەوە ژیانی ئاشتییانەی نێوانیان | یوسف گۆران | 2011 |
| 415 | 35 | عەلمانیەت چیە؟ ماناو پێناسەکانی | زاهیر شکوور | 2011 |
| 416 | 36 | خوێندنەوەیەک بۆ فیکری حەسەن بەننا | عادل عەلی | 2011 |
| 417 | 37 | شێوەکانی بەدەستهێنانی مافی چارەنووس | خەلیل عەبدوڵڵا | 2011 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 418 | 38 | تعريف الأنفال بالآبادة الجماعية | خليل عبدالله | 2011 |
| 419 | 39 | قراءة في مفهوم التحديث والتنمية السياسية | احسان عبدالهادي | 2011 |
| 420 | 40 | كاريگەریی قەرزە گشتییەکانی ئەمریکا لەسەر ئابووریی ئەمریکاو جیهان | فەیسەڵ عەلی | 2011 |
| 421 | 41 | دیموکراسی لە نێوان مۆدرێنێتەو پۆست مۆدرێنێتەدا | مەلا بەختیار | 2011 |

**له چاپخانەی دەزگای چاپو پەخشی حەمدی**

**چاپکراوه**